# زانستنامەی فەلسەفە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

## نیۆلیبراڵیزم

نووسەر: کێڤین ڤاڵیەر

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری

ڤاڵیەر، کێڤین. «نیۆلیبراڵیزم». *زانستنامەی فەلسەفە* (هاوینی ٢٠٢٥). ئەروەند سالاری (وەرگێڕ). بەستەر= <https://zanistname.com/ck/entries/neoliberalism/>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

Vallier, Kevin, “Neoliberalism”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2022 Edition), Edward N. Zalta & Uri Nodelman (eds.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2022/entries/neoliberalism/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری

سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

# نیۆلیبراڵیزم


کێڤین ڤاڵیەر

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری


هەرچەنــدە هەموو توێژەران لەســەر واتای ئەو زاراوەیە کۆک نین، بەڵام بەگشــتی وا دادەنرێت کە «نیۆلیبراڵیزم» ئاماژەیە بەو ڕوانگە فەلسەفییە کە پێی وایە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەیەک دەبێ بەخەســتی و بەتەواوی لیبراڵ و کاپیتالیســتی بن، بەڵام هاوکات دیموکراسییەکی سنووردارکراو بە دەستوور و دەوڵەتێکی خۆشبژێویی میانەڕەو تەواوکەری ئەو سیستەمە بن. کار و توێژینەوەکانی ئەم دواییە لەســەر نیۆلیبراڵیزم، بەم ڕوانگە و تێگەیشــتنە لێی، دەریان خستووە کە فەلسەفەیەکی سیاسیی یەکانگیر، تۆکمە و جیاوازە. ئەم وتارە بە تاوتوێ و شــەنوکەوی ئەو چەمکە سیاسی، پرەنسیپ و سیاسەتانەی کە لە لایەن فریدریش هایەک، میلتۆن فریدمان و جەیمز بیوکانانەوە پارڤە کراون و خراونەتە ڕوو، کە هەموویان ڕۆڵێکی پێشەنگیان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی نوێ لەسەر نیۆلیبراڵیزمدا هەبووە و هەموویان هەم لە بواری فەلســەفەی سیاســی و هەم ئابووریی سیاســی بەرهەم و نووسراوەیان هەیە، نیۆلیبراڵیزم ڕوون دەکاتەوە. دەستنیشــانکردنی تەوەرە هاوبەشــەکانی ناو بەرهەمەکانیان وێنەیەکی ڕوونکــەرەوە لە نیۆلیبراڵیزم وەک دۆکترینێکی سیاسیی پتەو و یەکانگیر دەدات بە دەستەوە.

لەم وتارەدا دوای خســتنەبەر باســی هەندێک وەســف و لێکدانەوەی کۆڵکــە و پڕکەموکوڕی لە نیۆلیبراڵیزم، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە گەنگەشەی نێرینە نیۆلیبراڵییەکان بەرامبەر بە لیبراڵیزم، سەرمایەداری، دیموکراسی و دەوڵەتی خۆشبژێوی دەکەین، و دواجار بە باس و خواسێک لەمەڕ ڕەخنە باوەکان کۆتایی پێ دێنین.

- ١. ڕوونکردنەوەی زاراوەیەکی چەتوون
- ٢. وەسفە کۆڵکە و پڕکەموکوڕییەکان
  - ١.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک ئیتۆس
  - ٢.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک قوتابخانەیەکی هزریی ناو چوارچێوەی قازانجگەرایی
  - ٣.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک لیبەرتاریانیزم
  - ٤.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک بیردۆزی ئایدیال
- ٣. لیبراڵیزم
- ٤. سەرمایەداری
- ٥. دیموکراسی
- ٦. دەوڵەتی خۆشبژیوی
- ٧. ڕەخنەکان لە نیۆلیبراڵیزم
  - ١.٧. ڕەخنەکانی پەیوەست بە ئیتۆسەوە
  - ٢.٧. نایەکسانی
  - ٣.٧. لاوازکردنی دیموکراسی
  - ٤.٧. نائەقڵانیبوونی ئابووری
  - ٥.٧. ڕەتدانەوە کەینزییەکان
  - ٦.٧. ئابووریی داچۆڕانەوە
  - ٧.٧. ڕەخنە لیبەرتاریەنییەکان
  - ٨.٧. ڕەخنە کۆلۆنیالیستییەکان
  - ٩.٧. ڕەخنە پۆپیولیستی /ناسیۆنالیستییەکان
  - ١٠.٧. ڕەخنە فێمینیستییەکان
  - ١١.٧. ڕەخنەکانی تر
- ٨. پوختە
- ژێدەرەکان
- ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت
- تێبینییەکان

## ١. ڕوونکردنەوەی زاراوەیەکی چەتوون

ساڵانێکی زۆرە کە زاراوەی «نیۆلیبراڵیزم» بە شوێن ژێدەرێکدا دەگەڕێت. بڵێی نیۆلیبراڵیزم ئایدیۆلۆژیایەک بێت کە وای کردبێت بازاڕ وەک بتێک بپەرسترێت؟ یاخود پرۆگرامێکی سیاسی بە ئامانجی بنیاتنان و چەسپاندنی دەسەڵات و حوکمڕانیی چینی سەرمایەدارە؟ گەلۆ نیۆلیبراڵیزم دوژمنی دەوڵەتە؟ یاخود لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدایە کە هەلومەرج بۆ بازاڕە پێشبڕکێییەکان بڕەخسێنێت؟ ڕاجیش ڤینۆگۆپاڵ (Venugopal 2015: 166) لەو باوەڕەدایە کە نیۆلیبراڵیزم «لە ئێستادا لە توێژینەوە و بەرهەمەکانی ئەم بوارەدا بە شێوەیەکی بەرفرە وەک زاراوەیەکی مشتومڕلەسەر، نایەکانگیر، شپرزە و قەیراناوی دەناسرێت، تەنانەت لای زۆرێک لە کاریگەرترین پەرەپێدەرەکانی»، وەک میشێل فۆکۆ (Foucault 2004 [2010]). هەڵسەنگاندنی ڤینۆگۆپاڵ ڕێک دە ساڵ لەمەوبەر بەجێ و شیاو بوو.

بەڵام کۆمەڵێک هەوڵ و لێکۆڵینەوەی ئەم دوایییە لەسەر ئاستی کتێب سەبارەت بە نیۆلیبراڵیزم (Burgin 2012; Biebricher 2018; Slobodian 2018; Whyte 2019) لە پێکهێنانی چەمکێکی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر ساوا و سەرەتایی یارمەتیدەر بوون. هەروەک کوین سلۆبۆدیان دەڵێت، «لەم دەیەی ڕابردوودا، هەوڵگەلێکی مەزن و سەرسوورهێنەر بۆ بەمێژوویی‌کردنی نیۆلیبراڵیزم و ڕێنوێنییەکانی بۆ حوکمڕانیی جیهانی، و هەروەها بۆ گۆڕینی «جنێوی سیاسی» و «دروشمی دژە لیبراڵ» بۆ مژارێکی توێژینەوەی بەئەرشیڤکردنی تێروتەسەل و پەروەردەکاری دراوە.» (Slobodian 2018: 3) هەر بەم ئاراستەیە، تۆماس بیبریچەر (Biebricher 2018: 8-9) پێی وایە کە نیۆلیبراڵیزم چیتر بەرەوڕووی بەربەست و لەمپەری شیکاریی گەورەتر لە هەڵوێستە سیاسییەکانی تری وەک شۆپپاریزی و سۆسیالیزم نابێتەوە.

لەژێر تیشکی ڕووناکیی ئەم کار و توێژینەوە مێژووییانەی ئەم دوایییە، ئێستا لە دۆخێکداین کە وەک بیردۆزێکی سیاسیی جیاواز لە نیۆلیبراڵیزم دەڕوانین. نیۆلیبراڵیزم پێی وایە کە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەیەک دەبێ بەخەستی و بەتەواوی لیبراڵ و کاپیتالیستی بن، بەڵام هاوکات دیموکراسییەکی سنووردارکراو بە دەستوور و دەوڵەتێکی خۆشبژێویی میانەڕەو تەواوکەری ئەو سیستەمە بن. نیۆلیبراڵەکان پشتگیریی مافە لیبراڵییەکان و ئابووریی بازاڕی ئازاد بە مەبەستی پاراستنی ئازادی و بەرزکردنەوەی ئاستی برەوی ئابووری دەکەن. نیۆلیبراڵەکان بە شێوەیەکی گشتی دیموکراتن، بەڵام هەر بەو ڕادەیەی کە جەخت لە پێویستیی دیموکراسی دەکەنەوە جەخت لە سنوورەکانی دیموکراسییش

دەکەنەوە. و لە کاتێکدا کە نیۆلیبراڵەکان بە شـێوەیەکی گشـتی پێیان وایــە کە حکوومەت دەبێ بیمەی کۆمەڵایەتی و شــتومەکە گشــتییەکان دابین بکات، بەڵام لە هەمبەر دەوڵەتــی ڕێکخەر، خەرجی فرەی حکوومەت و سیاســەتی دژەســوورِی بە سەرپەرشــتیی حکوومەت بەگومانن. کەواتە نیۆلیبراڵیزم تەنیا دۆکترینێکی ئابووری نییە. بە گوێرەی بیبریچەر، نیۆلیبراڵیزم «بەڕوونی دەپەرژێتە ســەر باسی پێشمەرجە نائابوورییەکانی بازاڕە کارا و چالاکەکان و کاریگەرییە کارلێکییەکانی نێوان بازاڕەکان و دەوروپشــتیان.» (Biebricher 2018: 27) و «ئەم کێشەیە کە چلۆن فاکتەرە پێویستەکان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی بازاڕە کارا و چالاکەکان دیاری بکەن» (Biebricher 2018: 26) کێشە و بابەتێکی هاوبەش بۆ هەموو نیۆلیبراڵەکانە. سلۆبۆدیان ئاماژە بەوە دەکات کە سەرجەم نیۆلیبراڵەکان «پرۆژەی هزرییان دۆزینەوەی دەوڵەتی گونجاو و یاسای گونجاو بۆ خزمەتکردن بە نەزمی بازاڕە» (Slobodian 2018: 87).

بەم شێوەیە نیۆلیبراڵەکان بەپێی بەستێنی جیاواز ڕێنماییگەلێکی بێوێنەی دامەزراوەیی پێشنیار دەکەن و دەخەنــە ڕوو. کەوایە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە نیۆلیبراڵیزم وەک دۆکترینێکی فەلســەفی هەوڵێک بۆ پڕکردنــەوە و داگرتنی دامەزراوەکان بە بیرۆکەی بکــەرە مرۆییەکان وەک مرۆڤی ئابووری نییە (Brown 2019). بەڵکوو جێسیکا وایت گوتەنی (Whyte 2019: 8)، نیۆلیبراڵیزم ڕەهەندێکی نۆرماتیڤی هەیە کە لە ئابووری تێدەپەڕێت، چونکە نیۆلیبراڵەکان لەو باوەڕەدا بوون «کە بازاڕێکی پێشبڕکێیی کارا پێویستی بە بنچینە و بناغەیەکی ئەخلاقی و یاســایی شیاو و بەپێی پێویست هەیە»، بە شێوەیەک کە ئارگیومێنتەکانی تایبەت بە دامەزراوە نیۆلیبراڵییەکان دەکەوتنە خانەی پەنابردنەبەر بنەواشە نۆرماتیڤەکان (Whyte 2019: 14, 233).

دەتوانین بە تاوتوێی ئەو چەمکە سیاســی، پرەنســیپ و سیاســەتانەی کە لە لایەن سێ ئابووریزانی سیاســیی سەدەی بیســتەمەوە، کە بریتین لە فریدریش هایەک، میلتۆن فریدمان و جەیمز بیوکانان، پارڤە کراون و خراونەتە ڕوو، نیۆلیبراڵیزم بە شێوەیەکی بەکەڵک ڕوون بکەینەوە. هەر سێکیان لە کاتێکدا بواری ئەکادیمییان ئابووریزانی بووە، لە بواری بیردۆزی سیاسیدا توێژینەوە و بەرهەمیان هەیە، بەتایبەتی هایەک و بیوکانان کە بە ڕادەیەکی زۆر و بەرفرە لەو بوارەدا کاریان کردووە. دەستنیشانکردنی تەوەرە هاوبەشەکانی کارەکانی ئەم ســێ کەســە وێنەیەکی وردبینانە و ڕۆشنگەرانە لە نیۆلیبراڵیزم وەک دۆکترینێکی فەلسەفی دەدات بە دەستەوە.

ئەم کەسایەتییانە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییەی کە پێشتر گوتمان لەسەر نیۆلیبراڵیزم کردوویانە

هەڵبژێردراون. بیبریچەر (Biebricher 2018: 2) هەر سێ کەسایەتییەکە بە نیۆلیبراڵ دەزانێت، ئەگەرچی ئەو «ئۆردۆلیبراڵ»ەکانیش کە سەرنجیان لەســەر ئەورووپایە و لەسەر ئەورووپا چڕ بوونەتەوە، بەتایبەتی واڵتەر یووکەن، ویلهێڵم ڕۆپکە و ئەلێکساندەر ڕوستۆ، بە نیۆلیبراڵ دادەنێت. سلۆبۆدیانیش (Slobodian 2018: 268) فریدمان، هایەک و بیوکانان بە نیۆلیبراڵ لە قەڵەم دەدات، هەرچەندە ئەویش کەسایەتییەکی تا ڕادەیەکی زۆر لیبەرتاریەنی وەک لودویگ ڤۆن میســێس[١]، و بەشێکی زۆر لە ئۆردۆلیبراڵەکانیش بە نیۆلیبراڵ دەزانێت. سلۆبۆدیان هەروەها تەرکیزی شیکارییەکەی خستووەتە سەر ئەوەی کە بە «نیۆلیبراڵیزمی قوتابخانەی جنێڤ» ناودێری دەکات، کە ئاخێزگەی بەشــێکی بەرچاوی هزر و ئەندێشــەی نیۆلیبراڵی سەبارەت بە دامەزراوە جیهانییەکان بووە.[٢] وایت (Whyte 2019: 31) زۆرتر سەرنجی خۆی خستووەتە سەر هایەک و فریدمان تاکوو بیوکانان، بەڵام ئەو دەیانخاتە بەرەیەکی گەورەتری کەسایەتییەکان. کەواتە، گەرچی هایەک، فریدمان و بیوکانان تەنیا نیۆلیبراڵ نین، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شیکاریی مێژوویی نوێدا هەیە. و بە وردبوونەوە لە بیروباوەڕیان، نەک هەر لە بارگرانیی شیکاری کەم دەبێتەوە، بەڵکوو دەرفەت بۆ ســەرنجدان و تەرکیزکردن لەسەر بیرۆکە نیۆلیبراڵییەکان بەو شێوەیەی کە لە لایەن بیریار و بیرتیژترین لایەنگرانیان داڕێژراون و پەرداخ کراون دەڕەخسێت. جگە لەمە، نیۆلیبراڵەکانی تر زۆر کەمتر سەبارەت بە دەروەستییە فەلسەفییەکانیان دواون و قسەیان کردووە، کەواتە مەتریاڵ و بابەتی کەممان لەبەردەستدایە کە کاری لەسەر بکەین. لەوانەیە بێدەنگیی کەم تا زۆری نیۆلیبراڵەکانی تر هەڵبژاردنی هایەک، فریدمان و بیوکانان بۆ نوێنەراتیکردنی ئەو نیۆلیبراڵانەی بۆمان ئەســتەمتر کردبێت، بەڵام ئەو هەڤبەندییە سیاسی و سیاسەتەی کە لە نێوانیاندا هاوبەشە دەرخەری سەریەککەوتن و خاڵی هاوبەشی بەرچاوە.[٣]

ڕێباز و هەڵوێستــی ئەم وتارە بۆ پێناسەکردنی نیۆلیبراڵیزم زۆر لەوەی بیبریچەر، سلۆبۆدیان، وایت و براون (Brown 2019) جیاوازە، بە هەمان شێوە کە فەیلەسووفان و تیۆریستە سیاسییەکان لە مێژوونووسان جیاوازن، و لە ڕاســتیدا هەروەک چۆن فەیلەســووفان جیاوازییان لەگەڵ تیۆریســتە سیاســییەکان هەیە. دەکرێت وەک دۆکترینێکی تا ڕادەیەک نەگۆڕ و چەقبەســتوو لە نیۆلیبراڵیــزم بڕوانین تاکوو بنەمایەک بۆ هەڵســەنگاندن چێ بکەین، و ئەمەش دواتــر دەتوانێت بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی و فرەچەشــنیی ڕوانگــەکان یارمەتیدەر و بەکەڵک بێت. بەڵام دەشــێ سروشــتیتر بێت کە وەک سیســتەمێکی بزێو و دینامیکی ئایدیاکان لەگەڵ نیۆلیبراڵیزمدا هەڵسوکەوت بکەین، هەروەک چۆن مێژوونووسان و تەنانەت بەشێک لە تیۆریستە سیاسییەکان بەم چەشنە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، چاوخشاندنێک بە بەرهەمەکانی هایەک، فریدمان و بیوکانان دۆکترینێکی تا ڕادەیەکی زۆر نەگۆڕ و ستاتیکی لێ پێشان

دەدات کە دەکرێت وەک چەشنێک فەلسەفەی سیاسی بخەملێندرێت.

بەکارهێنانی زاراوەی «نیۆلیبراڵیزم» لەم وتارەدا ڕێک لەگەڵ هەموو بەکارهێنانەکانی تری ئەم زاراوایە یەک ناگرێتەوە و هەموویان لە خۆ ناگرێت. لەم ڕووەوە، ئامانجی ئەم وتارە زۆرتر لەوەی کە ڕوونکردنەوەی *مانای ڕاستەقینەی* «نیۆلیبراڵیزم» لە هەموو بەکارهێنانەکانیدا بێت، خستنەڕووی واتایەک لەسەر بنەمای سێ پێوەرە. یەکەم، زاراوەی «نیۆلیبراڵیزم» دەبێ بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵێکی تا ڕادەیەک یەکانگیر لە هەڵوێست و ڕوانگەکان بەکار بهێندرێت. دووەم، دەبێ ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئەو کەسایەتییانەی کە زۆرترین گرێدراوییان لەگەڵ ئەم ڕێبازەدا هەیە لە خۆ بگرێت. لە کۆتاییدا، دەبێ لەجیاتی ئەوەی کە سەرنج بخرێتە سەر ئەو شێوازە باو، دابەزێنەر و ناشیرینانەی بەکارهێنانی «نیۆلیبراڵیزم»، لەسەر ئەوە چڕ ببینەوە کە بەکارهێنانە هەرە جددی، بێلایەن و ڕاستبینەکانی ئەو زاراوەیە، وەکوو ئەوەی لای مێژوونووسە ئەکادیمییەکان، ڕەچاو بکەین و لە واتاکەدا بیانگونجێنین. لێکدانەوەی ئەم وتارە لە واتای ئەم زاراوەیە، هەر سێ پێوەرەکە دەپێکێت. ئەم وتارە دۆکترینێکی یەکانگیر دەستنیشان دەکات کە لە تێگەیشتنێک سەری هەڵداوە کە لەژێر تیشکی ڕووناکیی ڕوانگەی لایەنگرانی نیۆلیبراڵیزم هاتووەتە ئاراوە، و شێوازی بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لەم وتارەدا زۆرتر لەگەڵ چەشنی وردبینانەتری بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە لایەن مێژوونووسە ئەکادیمییەکانی ئەم دواییەدا کۆکە. بە دیاریکردنی دەروەستییە هاوبەشەکان لە هزر و ئەندێشەی هایەک، فریدمان و بیوکاناندا، هەر سێ ئامانجەکە دەشۆپێنین و دەپێکین.

## ٢. وەسفە کۆڵکە و پڕکەموکوڕییەکان

گەر گەرەکمان بێت بە گوێرەی بیرۆکەی کەسانێک کە فرەتر گرێدراوی نیۆلیبراڵیزمن، و هەروەها بە گوێرەی ئەو شێوازە بەکارهێنانانەی کە مێژوونووسەکان خستوویانەتە ڕوو، لە نیۆلیبراڵیزم تێبگەین، دەبێ وەک دۆکترینێک سەبارەت بە چۆنێتیی ڕێکخستنی سیاسەت و ئابووری لێی بڕوانین. نیۆلیبراڵیزم بیردۆزێکی دادپەروەری یان ڕەوایی نییە. بەڵکوو، نیۆلیبراڵەکان بۆ پاساودانی دامەزراوە دڵخواز و هەڤیازەکانیان پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵێک تێبینیی ئەخلاقی. دەبێ لە چەشنێک پێناسەکردنی نیۆلیبراڵیزم کە بکەوێتە خانەی هەرکام لەم چوار تاقمەی خوارەوە خۆ ببوێرین. کەواتە نابێ نیۆلیبراڵیزم وەک (بەشی ١.٢) ئیتۆس یان چەمکێکی ژیانی باش، (بەشی ٢.٢) قوتابخانەیەکی هزریی ناو چوارچێوەی قازانجگەرایی، (بەشی ٣.٢) وەشانێکی لیبەرتاریانیزم، یان (بەشی ٤.٢) بیردۆزێکی ئایدیال پێناسە بکردرێت.

## ١.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک ئیتۆس

زۆر کەس وا بیر دەکەنەوە کە کۆمەڵگە نیۆلیبراڵییەکان قازانج دەخەنە پێش بەها ناوەندی و بنگەهییەکانی تر. بۆ نموونە، دەیڤید هارڤی دەڵێت،

نیۆلیبراڵیزم بە ڕادەیەک بایەخ و بەها بە ئاڵوگۆڕی بازاڕ دەدات وەک بڵێی «خۆی لە خۆیدا ئەخلاقێکە کە ئەو توانایەی هەیە کە ڕێنوێن و ئاراستەکەری هەموو کردارەکانی مرۆڤ بێت، و جێگای هەموو بیروباوەڕە ئەخلاقییەکانی پێشوو بگرێتەوە». (Harvey 2005: 3)

جۆرج مۆنبیۆت پێداگرە لەسەر ئەوەی کە نیۆلیبراڵیزم «بە چەشنێک لە پێشبڕکێ [ی ئابووری] دەڕوانێت وەک بڵێی تایبەتمەندیی پێناسەکەر و دیاریکەری پەیوەندییە مرۆییەکانە. نیۆلیبراڵیزم هاووڵاتییان وەک بەرخۆر پێناسە دەکاتەوە» (Monbiot 2016).

براونیش (Brown 2019) هاوڕایە. هەندێک دەڵێن نیۆلیبراڵیزم ئایدیۆلۆژیایەکە کە تێیدا بڕیارە هەمووکەس تەرکیزی لەسەر برەوی ئابووری یان گەشەی ئابووری بێت. هەندێکی تریش دەڵێن کە نیۆلیبراڵیزم ئیتۆسێکی ئەو کۆمپانیایانەیە کە گوێ بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان نادات، بەڵکوو لەبری ئەوە پێشنیار دەکات کە کۆمپانیاکان تەنیا سەرنجیان لەسەر قازانجی کۆتایی خۆیان بێت (Steger & Roy 2010: 13).

بەڵام نیۆلیبراڵەکان، بەپێچەوانەی ئەم بابەتانە، ڕوانگەیەک سەبارەت بە گەڵاڵەکردن و داڕشتنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە ڕوو و پەرە پێدەدەن، نەک ئیتۆسێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی. لە ڕاستیدا، زۆر لەسەر ئەوەی کە چلۆن ژیانێکی باش بژیین نادوێن. بەڵکوو نیۆلیبراڵەکان باس لەوە دەکەن کە داکۆکییان لە سەرمایەداری مەرج نییە شوێن قازانج کەوتن وەک شێوازێکی ژیان بکاتە ئەرکی سەرشانی خەڵک و هەروەها بازاڕەکانیش خەڵکانێک بە وەها ئیتۆسێک بەرهەم ناهێنن. ڕاستە کە لە بیر و هزریاندا کۆمەڵێک نێرین و بەهای دیاریکراو هەیە، بۆ نموونە ئەمەی کە سەرنجێکی لەڕادەبەدەر لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی ئەنجامەکان، دژایەتی لەگەڵ هەموو شوێن قازانج کەوتنێک دەتوانێت بناغەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لاواز و بنکۆڵ بکات. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتۆسێکی بەرخۆرپەروەرانە دەگرنە بەر.

بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوونتر بێتەوە فریدمان لەبەرچاو بگرن. فریدمان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەشێک

لە بنەمای داکۆکی لە ئازادی ئەوەیە کە نازانین کە خەڵک دەبێ چ بەهایەک بەرز بنرخێنن، چونکە کەس بەڕاستی نازانێت ژیانی باش چ لە خۆ دەگرێت و بریتی لە چییە؛ کۆمەڵگەیەکی ئازاد باشە چونکە ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات کە فۆرمە جیاوازەکانی ژیان تاقی بکەنەوە تاکوو خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە (Friedman 1962a [2002: 133]; Friedman 1987 [2017: 185]). و لــە کاتێکدا کە فریدمــان بەئاشــکرا ڕایگەیاند کە ئەرکی یەکەمی سەر شانی کەڵەکۆمپانیاکان بەوپەڕی خۆی گەیاندنی قازانج بۆ خاوەن پشکەکانیانە و ئەوەی کە سیاسەتی گشتی دەبێ لەوە دڵنیامان بکاتەوە کە بەوپەڕی خۆی گەیاندنی قازانــج لە بەرژەوەندیــی هەمووان کار دەکات، تەنانــەت ئەویش داکۆکی لــە لێکدانەوەیەکی تایبەت سەبارەت بەوەی کە مرۆڤەکان دەبێ چ شتێک وەک بەها بەرز بنرخێنن ناکات.

هایەک و بیوکانان تەنانەت ڕاشــکاوانەتر ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە ژیانی باش بریتی لە ئامانجگەلی ئابووری وەک بەوپەڕی خۆی گەیاندنی سامان بێت. بیوکانان (Buchanan 1991: 343) جەخت لەسەر بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی تاکەکەسی، هۆگری و پابەندبوون بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی قەدەغەکردنی قەرز (Buchanan 1987: 456, 461)، و شۆپاندن و پەیڕەوکردنی «ڕێسا یان نۆرمە ئەخلاقی-ڕەوشتییەکان بۆ هەڵســوکەوت» دەکات (Buchanan 1999: 451). هایەک وا بیر دەکاتەوە کە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا پێویســتە مرۆڤەکان کۆمەڵێک ڕێسا و نۆرم پەیڕەو بکەن کە هیچ پەیوەندییەکیان بە شــوێن قازانج کەوتنەوە نەبێت، چونکە زۆربەی ئەو ڕێسایانە لە ئاستێکی خوارەوەتر لە بیرکردنەوەی وشیارانەی ئێمەدان (Hayek 1973). ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە هەم هایەک (Hayek 1988: 135-142) و هــەم جێفری بریnan و بیوکانان (Brennan and Buchanan 1985: 150) تەنانەت وا بیر دەکەنەوە کە بۆ کۆمەڵگە ئازادەکان پێویست بە خەڵکانێکە کە ئامادە بن لەسەر بنەمای پاڵنەرە لە بنەڕەتدا ئایینییەکان بجووڵێنەوە و مامەڵە بکەن.

دەبــێ دان بــەوەدا بنرێت کــە فریدمــان و بیوکانان لە مرۆڤی ئابــووری بۆ تێگەیشــتن لە زۆربەی هەڵســوکەوتەکانی مرۆڤ کەڵک وەردەگرن. بەڵام تێگەیشــتنی بیوکانان (Brennan and Buchanan 1981: 81) لــە مرۆڤی ئابووری بەرین و بەربــڵاوە؛ دەتوانرێت بە «بەوپەڕی خۆی گەیاندنی کەم تا زۆر هەموو شــتێک لێی بڕواندرێت»، و لەم ڕووەوە هیچ دەروەســتییەکی زاتی بە بۆ نموونە بەوپەڕی خۆی گەیاندنی سامان نییە.

## ٢.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک قوتابخانەیەکی هزریی ناو چوارچێوەی قازانجگەرایی

هەندێک لە تیۆریستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە «لیبراڵیزمی کلاسیک»، ئەو زاراوەیەی کە زۆربەی کات بۆ ئاماژەدان بەم سێ نیۆلیبراڵە بەکار دەهێنرێت کە لەسەریان دەدوێین، لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتنی خۆی لە بنەمای نەزمی کۆمەڵایەتی قازانجگەرایانەیە (Freeman 2011: 25).[٤] بەڵام بیوکانان (Buchanan 1975) گرێبەستگەرایەکی ڕاشکاوە و قازانجگەرایی ڕەت دەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارەی کە قازانجگەرایی پێویستی بە کەڵەکەکردن و سەریەکخستنی بەها کەسییەکان بەو شێوازانەیە کە بیوکانان پێی وایە مەیسەر یان گونجاو نین. لە کاتێکدا گەلێک کەس فریدمان (Friedman 1974a [2017: 72]) وەک قازانجگەرایەک دەناسێنن، خۆی دەڵێت کە «من خۆم هیچکات قازانجگەراییم قبووڵ نەبووە». داکۆکیی فریدمان لە بازاڕی ئازاد وەک بەوپەڕی خۆی گەیاندنی قازانج هیچکات بەو واتایە نەبووە کە خەڵک بێبەری لەو مافە سەرەتاییانە بکات کە ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا پێش بە بەوپەڕی خۆی گەیاندنی قازانج بگرن یان قەدەغەی بکەن. فریدمان سەرنجی خستبووە سەر تێبینییە قازانج-تەوەرەکان، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە وای بیر دەکردەوە کە ئەو تێبینییانە دڵڕفێنی و سەرنجڕاکێشیی جیهانییان هەیە. هایەک (Hayek 1988: 69) نەتەنێ قازانجگەرایی ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو تاقمێکی بەربڵاوتری بیردۆزە ئەنجامگەرایانەکانی نەزمی کۆمەڵایەتییش ڕەت دەکاتەوە: ئەو هەر کاتێک کە ئەخلاق لە بەرهەمهێنانی هەندێک ئامانجی دیاریکراوی وەک بەختەوەریدا داڕێژرابێت و بونیات نرابێت، هەر چەشنە داواکارییەک بۆ پاساودان ڕەت دەکاتەوە. باشتر وایە هایەک (Hayek 1978: 132) وەک گرێبەستگەرایەک بێتە ناسین.

## ٣.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک لیبەرتاریانیزم

نیۆلیبراڵەکان بە باوەشێکی کراوەتر لە لیبەرتاریەنەکان بەرەو پیری دەوڵەت-نەتەوەوە دەچن و قبووڵی دەکەن. خاڵی دووەم ئەوەیە کە لیبەرتاریەنەکان زۆربەی کات لە سۆنگەی بیردۆزێکی ئەخلاقی و بیردۆزێکی دادپەروەرییەوە بەڵگاندن بۆ پێکهاتە دامەزراوەییەکان دەکەن و داکۆکیی لێ دەکەن، ڕێبازێک کە ڕۆبێرت نۆزیک (Nozick 1974) گرتوویەتیە بەر. لە بەرامبەردا، نیۆلیبراڵەکان بە دەگمەن پەنا دەبەنە بەر بیردۆزە بە تێروتەسەلی شێکراوەکانی دادپەروەری، لەوانە بیردۆزگەلی مافە سروشتییەکان، تەنانەت ئەگەر بۆ هەندێک خاڵ و ئامانجی جیاجیایش کەڵک لە زمانی دادپەروەری وەرگرن. گەر لە بابەتی

بیردۆزەکانی مافگەلی سروشتیی دادپەروەری ورد ببینەوە، دەبێ بڵێین بیوکانان باوەڕی پێیان نییە. بیوکانان ڕیسالەکەی لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی، بە ناونیشانی *سنووری ئازادی*، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوە دەست پێـدەکات کە هیچ ئەخلاقێک بەدەر لەوەی لەگەڵی کـۆک و هاوڕاین بوونی نییە (Buchanan 1975: 1). هایەک بە دەگمەن لەسەر مافە سروشتییەکان دەدوێت، و فریدمان زۆرتر بە شێوەیەکی ڕیتۆریکی و ڕەوانبێژانە باس لەو مافانە دەکات. ئەمە بەو واتایە نییە کە نیۆلیبراڵەکان لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا سـنووره ئەرکباری و دیۆنتیکییـەکان ڕەت دەکەنەوە. ڕەهەندی گرێبەسـتگەرایانەی هایەک و بیوکانان گرتنەبەری ڕێگای ئازادی و ئاسـوودەیی و خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بە شـێوەگەلێک کە بە دڵ و قەناعەتـی هەمووان نەبێـت و هەمووان نەتوانن لەگەڵی کۆک بن بەجـێ نازانێت و خەڵکی لێ بەدوور دەگرێت. نیۆلیبراڵەکان لەبری ئەوە، سەرنجیان دەخەنە سەر ئارگیومێنتە دەرەنجام-تەوەرەکان بۆ لیبراڵیزم بەبێ ئەوەی کە ئەنجامگەرایی قبووڵ بکەن و بیگرنەبەر. ئەوان تەنیا لیبراڵیزم تا ڕادەیەک بە گوێرەی ئەو بانگەشەیە کە دەرەنجامگەلی باشی هەیە پاساو دەدەن.

دروستتر دەنوێنێت و ڕێی زۆرتر تێدەچێت کە بگوترێت کە نیۆلیبراڵیزم بووژاندنەوەیەکی سەدەی بیسـتەمی ئایدیا لیبراڵییە کلاسـیکەکان لە وەڵامی هەندێک ئاڵنگاریی دیاریکراوی تایبەت بە سەدەی بیسـتەمە. نیۆلیبراڵیزم لە کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو وەک وەڵامێک بە سێ ئایدیۆلۆژیای سەدەی بیسـتەم کە داکۆکییان لە دەوڵەتگەلی بەربڵاو دەکرد سـەری هەڵدا: کۆمۆنیـزم (وەک دیارترین فۆرمی سۆسیالیزم)، فاشیزم و سۆسـیال دیموکراسی. نیۆلیبراڵەکان بە شوێن قەتیسکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سـنووری کۆمەڵێک ئەرک و کارکردا بوون کە زۆر سـنووردارتر بوو لەوەی دەوڵەتە بەربڵاوەکانی لەم سێ چەشنە لە ئەستۆی خۆیان گرتبوو. کار و توێژینەوەی هایەک لەسەر سیستەمە زانیارییەکان وەڵامێک بە پلاندانانی کۆجێیی کۆمۆنیسـتی بوو. مۆنیتاریزمی فریدمان وەڵامێک بوو بە سیاسەتی کەڵەئابووریی کەینزی. و گەڵاڵەی توێژینەوەی هەڵبژاردنی گەلەمپەریی بیوکانان وەڵامێک بە ئابووریی هاوسـەنگیی گشتی و ئابووریی نسکۆی بازاڕ بوو.

## ٤.٢. نیۆلیبراڵیزم وەک بیردۆزی ئایدیال

فەیلەسـووفان لە ڕێگەی جیاواز و بە شـێوازی جۆراوجۆر تێگەیشتنیان لە بیردۆزی ئایدیال لا ساز بووە، بەڵام دەتوانین تێگەیشتنی جۆن ڕاوڵز (Rawls 1971 [1999: 7-8, 215-6, 308-9]) بۆ بیردۆزی

ئایدیال ڕەچاو بکەین و بشۆپێنین کە بریتییە لە وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی باشترین نەزمی کۆمەڵایەتی و سیاسـی لەژێر تیشـکی ڕووناکیی هەندێـک لێکدانەوەی بەرزەبیرانـەی دیاریکراو لـە تواناییەکان، هەڵسوکەوت و هەلومەرجی سروشتیی مرۆڤ، بەتایبەت تەیاری بۆ ڕازیبوون و ملدان بەو دامەزراوانەی کە لەخۆگری چەمکی دروستی دادپەروەرین و بەرجەستەی دەکەن. بیردۆزە ئایدیالەکانی دادپەروەری کۆمەڵێک لێکدانەوە و شیکردنەوە لە «یوتۆپیای ڕیالیستی و واقیعبینانە» دەخەنە ڕوو کە هاووڵاتییان دەبێ هەوڵی بۆ بدەن، کۆمەڵگایەک کە هەموو کەس تێیدا بە ڕەچاوکردن و گوێڕایەڵبوون بە ڕێسا دامەزراوەییە دادپەروەرانەکان، بە گوێرەی مەرج و داخوازییەکانی دادپەروەری دەجووڵێتەوە (Rawls 2001: 4, 13).

نیۆلیبراڵەکان هـەر دوو توخمەکەی تیۆریزەکردنی سیاسـی ڕەت دەکەنەوە. یەکـەم، حەز دەکەن توخنـی تیۆریزەکردن سـەبارەت بە ئایدیالێک نەکـەون و ڕەتی بکەنەوە. هـۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە نیۆلیبراڵەکان زۆرجار لە تواناییمان بۆ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانینی ئەخلاقی بەگومانن؛ بەربەستێکی مەعریفی بۆ زانینی ئەوەی بەڕاستی دروست یان باشە هەیە. دیسانەوە، فریدمان بە بەردەوامی دەڵێت کە بنەمـا و هۆکاری هەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد ئەوەیە کە نازانین «گوناح چییە»، و هایەک دەڵێت کە بە ڕەچاوکردنی سـنوور و بەربەسـتەکانی زانینمان، «لانیکەم دەبێ لەوە بەگومان بین کە ئاخۆ لەم قۆناغەدا گەلاڵەیەکی پڕوردەکاری لە نەزمێکی ناوخۆیی خوازراوی کۆمەڵگە بەو ڕادەیە بەکەڵک و سوودبەخش دەبێت -یاخود ئاخۆ تەنانەت کەس شـیانی داڕشتنی وەها گەلاڵەیەکی هەیە» (Hayek 1944 [2007: 237]). هایەک پێی وا نییە کە فەیلەسـووفە سیاسـییەکان کۆمەڵگە دادەهێنن؛ خۆی نیۆلیبراڵەکان وا بیر ناکەنەوە کە لە پێگە و دۆخێکدان کە ڕوونی بکەنەوە کە کۆمەڵگەیەکی ئایدیال چلۆن کار دەکات.

پاشان، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە بیوکانان (Buchanan 1975: 91-106) ئەنارکیستێکی فەلسەفییە: «کۆمەڵگـەی ئایدیـال ئەنارکییە، کە تێیـدا هیچ تاک یان گرووپێـک لە مرۆڤەکان بـەزۆر ئەوی تر بە ئاراسـتەیەکدا نابات و ناچار ناکات». و فریدمان (Friedman 1974a [2017: 87]) لەو باوەڕەدایە کە «خوازراو و جێی پەسندە کە وێنایەکمان لە ئایدیال هەبێت» و پێدەچێت کە لیبەرتاریانیزم وەک ئەو ئایدیالە قبووڵ بکات. جگە لەوەش، دەشێ پێی وا بێت کە زۆرێک لە سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەتە خۆشبژێوییەی ئەو گەرەکیەتی، نەبن بە بەشـێک لە نەزمێکی کۆمەڵایەتیی ئایدیال. سـەرەڕای ئەمەش، هەم فریدمان و هەم بیوکانان لەسـەر ئەو باوەڕەن کە هەوڵەکان بۆ گەیشـتن بە ئایدیـال دەتوانێت ئاکامی پێچەوانەی هەبێت، بۆیە ئابووریی سیاسی دەبێ تەرکیز بخاتە سەر چاکسازییە پەراوێزییەکان لە دامەزراوەکاندا. بەم

شێوەیە، نیۆلیبراڵەکان هەندێک کات خاوەن ئایدیالی سیاسین، بەڵام لە دۆکترینی سیاسی-ئابوورییاندا، واتە لەو شتەدا کە بەڕاستی داکۆکی و پشتیوانیی لێ دەکەن، ئەم ئایدیالانە خاڵی ناوەندی و سەرەکی نین.

دووەم، هایەک (Hayek 1944 [2007: 157-170])، فریدمان (Friedman 1962b [2017: 23]) و بیوکانان (Buchanan and Tullock 1962) هەموویان نکۆڵی لەوە دەکەن کە دەبێ وای دانێین کە خەڵک دەخوازن شوێنکەوتوو و گوێڕایەڵی ئەو شتە بن کە دادپەروەری و یاسا بە پێویستی دەزانن و لەسەریان فەرز دەکەن. خەڵک بە هەڵەدا دەچن، بەتایبەت کاتێک دەسەڵاتیان زۆرە. هەروەک فریدمان (Friedman 1962b [2017: 23]) دەڵێت، «لیبراڵەکان مرۆڤ بە بوونەوەرێکی ناتەواو و خاوەن کەموکوڕی دادەنێن» و لایان وایە کە ڕێکخستنی کۆمەڵگا بە هەمان ڕادە کە بۆ «ڕێگریکردن لە خەسارگەیاندنی خەڵکانی «خراپ»» دەگەڕێتەوە، هەر بەو ڕادەیەش گرێدراوە بە یارمەتیدان و ڕێخۆشکردن بۆ ئەوانی تر کە چاکە بکەن. پرۆژەی بیوکانان تیۆریزەکردنی سیاسەت «بەبێ ڕۆمانسیەت» و ڕەتکردنەوەی ئەگەری ڕێککەوتنێکی گرێبەستی لەسەر پرەنسیپەکانی دادپەروەرییە. هیچ نەبێت، لە مۆدێلەکانیان بۆ نەزمی کۆمەڵایەتیدا گوێڕایەڵی بگۆڕێکە کە لە ناوخۆوە سەر هەڵدەدات، لە کاتێکدا کۆمەڵەی جیاوازی ڕێساکانی کۆمەڵایەتی ئاستی جیاواز لە گوێڕایەڵی بەرهەم دەهێنن و تا ڕادەیەک لەسەر ئەو بنەمایە هەڵدەبژێردرێن. بەکورتی، *گوێڕایەڵی هیچکات هەروا بە مسۆگەر دانەندراوە*. بیردۆزی نائایدیالی وان هەروەها پەیوەستە بە دژبەری و بەرهەڵستکارییان لەگەڵ سۆسیالیزم بە هەموو جۆرەکانیەوە: سۆسیالیزم بیردۆزێکی ئایدیالی نابەرپرسیارانەیە کە تەواوی ئەو ئەگەرانەی بە هاشوهووشەوە بانگەشەیان دەکات لەسەر ئەو گریمانە ناڕەوا و ڕێتێنەچوویە ڕۆ نراون کە سروشت و کرۆکی مرۆڤ دەکرێت بە جۆرێک بگۆڕدرێت و چاکسازی بکردرێت کە مرۆڤەکان ئەقڵانیتر، لەخۆبردووتر و گیانفیداتر بن. کۆمەڵگا بە گوێرەی پێشبینیی سۆسیالیستەکان کار ناکات و ناچێت بەڕێوە.

## ٣. لیبراڵیزم

هایەک، فریدمان و بیوکانان بەر لە هەموو شتێک خۆیان وەک بەرگریکاری ئازادیی تاکەکەسی و ئازادیی گرووپە بچووکەکانی وەکوو خێزان دەبینن. ئازادی زۆربەی کات بە نەرێنی لێک دەدرێتەوە، هەروەک هایەک دەڵێت کە ئازادی کاتێکە کە «ناچارکردنی هەندێک کەس لە لایەن ئەوانی ترەوە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت لە کۆمەڵگەدا کەم بکرێتەوە» (Hayek 1960 [2011: 11]). ناچارکردن «کاتێک

ڕوو دەدات کە کردەوەکانی مرۆڤێک بۆ خزمەتکردن بە ویستی مرۆڤێکی تر ئەنجام بگیردرێت، لەبەر ئامانج و مەبەستی کەسێکی تر، نەک هی خۆی» (Hayek 1960 [2011: 133]). ئێمە بە پێناسەکردنی پانتاییەکی کەسی و تایبەتی چالاکیی تاکەکەسی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت هەوساری دەسەڵاتی ناچارەکی بە دەستەوە دەگرین (Caldwell 2004: 289). فریدمانیش بە هەمان شێوە بیر دەکاتەوە. لیبراڵیزمی فریدمان وەک باوەشکردنەوە بۆ «حکوومەتێک لێی دەڕواندرێت کە بە پلەی یەکەم بە پاراستنی پێکهاتەیەکی یاسایی، سنووردار کراوە کە ڕێگە بە خەڵک دەدات کە بە دڵخوازی و بە ویستی خۆیان هاوکاری و بەشداری لە بازاڕدا بکەن، و دەسەڵاتەکەی پەرژ و بڵاوە» (Butler 1985: 22). لای فریدمان، لیبراڵەکان «ئازادیی تاک، یان ڕەنگە خێزان، وەک ئامانجی کۆتاییمان لە بڕیاردان لەسەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن» (Friedman 1962b [2017: 22]). و ڕاشکاوانەتر دەڵێت: «من ئازادی بە نەبوونی ناچارکردنی کەسێک لە لایەن کەسێکی ترەوە پێناسە دەکەم» (Friedman 1987 [2017: 185]).

نیۆلیبراڵەکان باوەشیان هەمووکات تەنیا بە ڕووی لێکدانەوە نەرێنییەکان لە ئازادی کراوە نییە. لێکدانەوە و تێگەیشتنی هایەک (Hayek 1960 [2011:11]) لە ئازادی دەتوانرێت بە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی کۆماریخوازانە دابندرێت، کە بەپێی ئەم ڕوانگەیە مرۆڤ کاتێک ئازادە کە سەربەست لە دەستتێوەردانی سەرەڕۆیانە بێت، لەو ڕووەوە کە هایەک بەردەوام نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە تێوەگلانی حکوومەت لە کۆنترۆڵکردنی سەرەڕۆیانە کە ڕێگر بێت لەوەی کە خەڵک پلانە درێژخایەنەکانیان پەرە پێبدەن. ئەمە تا ڕادەیەک پێداگریی ئەو لەسەر ئەو بابەتە کە کۆمەڵگەیەک تەنیا کاتێک دەتوانێت ئازاد بێت کە بە سەروەریی یاسا بەڕێوە بچێت ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئەگەرچی یاسا بەگشتی بە شێوەیەکی ناچارەکی و زۆرەکی دەستتێوەردان دەکات، بەڵام دەستتێوەردانەکانی بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە و هەڕەمەکی نین و پێشبینی دەکردرێن (Hayek 1960 [2011: 21, 153]). لە کاتێکدا بیوکانان لەگەڵ ڕوانگەی کۆماریخوازانەی هایەکدا هاوبیر و هاوڕا نییە، ئەویش لەو باوەڕەدایە کە ڕێسا گشتییەکان ئازادی مەیسەر دەکەن. وەک خاڵێکی گرنگ پێویستە بگوترێت کە هیچکام لەم سێ بیرمەندە، بە پێچەوانەی لیبەرتاریەنەکانی وەک نۆزیک (Nozick 1974)، باوەش بۆ تێگەیشتنێکی بەئەخلاقیکراو لە ئازادی ناکەنەوە کە تێیدا ئازادی هەلومەرجی کەسێکە کە مافەکانی ڕێزیان لێ دەگیردرێت.

یەک لەو خاڵانەی کە نیۆلیبراڵەکان، بەتایبەتی هایەک، جەختێکی ئێجگار زۆری لەسەر دەکەنەوە

گرنگیی ســەروەریی یاســایە. هەمووان ئەو مافەیان هەیە کە لــە لایەن دامەزراوە یاســایی، کارگێڕی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگاکەیانەوە وەکیەک و بە یەکســانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکردرێت. کەس نابێ بە گوێرەی ڕادەی کاریگەری و باندۆری کۆمەڵایەتی یان دەســەڵاتی کۆمەڵایەتی یاخود پێگە و ڕەوشــی بەمیراتبراوی، لای لێ بدرێتەوە. ئەگەر مرۆڤەکان لە پارێزراوبوونێک بەهرەمەند نەبن کە سەروەریی یاسا مسۆگەری دەکات، ئازادییەکانیان بە شێوەیەک سنووردار دەکرێت کە لە توانای بەرگەگرتنی مرۆڤ بەدەرە، چونکە بۆی هەیە بکەونە بەر دەســتتێوەردانی سەرەڕۆیانە و هەڕەمەکی، و ناتوانن پێشبینیی ئەوە بکەن لە داهاتوودا چیان بەســەر دێت و چارەنووســیان چ دەبێت. ئەمە بەو واتایەیە کە ناتوانن بەبێ بەربەست و کۆســپ سوود لەو ئازادییانە وەربگرن کە لە ئێستادا لێی بەهرەمەندن. نیۆلیبراڵەکان سەروەریی یاسا لە دژی لایەنگرانی دەوڵەتە بەربڵاوترەکان (کە هەم لیبراڵە سۆسیال دیموکراتەکان و هەم سۆسیالیستەکان دەگرێتەوە) بەکار دەهێنن، ئەویش لەســەر ئەو بنەمایە کە دەوڵەتگەلــی کارگێڕیی بەربڵاو بۆ ئەوەی بپەرژێنە ســەر چالاکییە تایبەتمەندەکانیانەوە دەبێ سەروەریی یاســا پێشێل بکەن. هایەک دەڵێت کە دەسەڵاتی ڕەهاگەری لە «دامودەزگایەکی کارگێڕیی بەهێز، کۆجێیی و ناوەندگەراوە» سەر هەڵدەدات کە چینە کارگێڕییە پیشــەیی و لێهاتوویەکەی دەبێتە «حوکمڕانی ســەرەکیی خەڵک» (Hayek 1960 [2011: 193]). بیرۆکراسییە گەورەکان بە بەردەوامی و بێپسانەوە و بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە دەستتێوەردان دەکەن. ئەم لۆژیکە مەترسیدارەی بیرۆکراسی تایبەتمەندییەکی بنگەهی و سەرەکیی پرۆگرامی توێژینەوەی بیوکانان بوو، و سەروەریی یاسایش ڕێگەچارەکەیەتی. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە نیۆلیبراڵەکان لەو باوەڕەدان کە مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا ئازادییەکی سەرەکیی ڕێکاری یاساییە کە مرۆڤەکان نەتەنێ لەبەردەم دادگادا، بەڵکوو لە هەر کاتێکدا کە دەکەونە بەر ناچارکردن لە لایەن دەوڵەتەوە، لێی بەهرەمەندن. ئەوەی کە نیۆلیبراڵەکان لایەنگری حکوومەتی ســنووردارن بەشــێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باوەڕیان وایە کە مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاســادا تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە حکوومەت سنووردار بکرێتەوە و ئازادییە ئابوورییە کاپیتالیســتییەکانی وەک ئازادیی گرێبەست جێگیر بکردرێن، چونکە هەردووکی ئەم ڕێکارە دامەزراوەییانە ڕێگە بۆ خەڵک خۆش دەکەن کە ڕێسا گشتییەکان پەیڕەو بکەن و خۆیان لە داوای پشتڕاستکردنەوە لە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیانە بەدوور بگرن (Hayek 1960 [2011: 205, 230]).

باوترین هۆی لۆژیکی و بنەما بۆ ئازادی لای هایەک و فریدمان «نەزانییە –ناتوانین دڵنیا بین کە ئێمە ڕاستین» (Friedman 1987 [2017: 185]). وەک بینیمان، لە کاتێکدا کە فریدمان دەڵێت کە لایەنگری «کۆمەڵگایەکی ئازادم چونکە بەهای بنەڕەتیی من خودی ئازادییە»، سەرەڕای ئەمەش دەپرسێت، «چلۆن

ئەم بە باشتر زانین و لایەنگرییە پاساو بدەم؟ ... ئەگەر بەڕاستی دەمزانی گوناح چییە، نەمدەتوانی پاساوی بدەم» (Friedman 1987 [2017: 185]). بە هەمان شێوە، هایەک دەڵێت کە داکۆکی لە دۆزی ئازادیی تاکەکەسی «بە شێوەیەکی سەرەکی پشتئەستوورە بە دانان بە نەزانیی لێدەربازنەبووی هەموومان سەبارەت بە زۆرێک لەو فاکتەرانەی کە گەیشــتن بە ئامانجەکان و خۆشــبژیویمان بەوانــەوە گرێدراوە» (Hayek 1960 [2011: 29]; Caldwell 2004: 347). و تەنانــەت دەڵێت: «ئەگەر دەمانزانی کە ئازادی چلۆن بەکار دەهێنرێت، ئیتر دۆزێک بۆی لە ئارادا نەدەبوو» (Hayek 1960 [2011: 31]). ئامانج لە ئازادیی تاکەکەسی ئەوەیە کە هەموو کەس دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە «بە تەواوی و بە شێوەیەکی ڕەبەق کەڵک لــە زانینی خۆی، بەتایبەت زانینی کۆنکرێتی و زۆرجار بێوێنەی خۆی لە بابەت هەلومەرجە تایبەتەکانی کات و شــوێن وەرگرێت» (Hayek 1960 [2011:156-7]). فریدمان تەرکیز لەســەر نەزانی سەبارەت بە ڕاســتییە ئەخلاقییەکان دەکات، لە کاتێکدا هایەک لە نەزانیی ئەخلاقی و هەروەها نەزانی سەبارەت بە چۆنێتیی ڕێکخستنی ژیانی خەڵک ورد دەبێتەوە، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت، نەزانی پاساوی سەرەکی بۆ ئازادییە.

چەشــنێکی تایبەتی خاکەڕایی مەعریفی، بەتایبەت خاکەڕایی سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگا چلۆن ڕێک بخرێت و ئەوەی کە دەرەنجامەکانی سیاســەتە پەسندکراو و هەرە لەپێشینەکانی ئێمە چ دەبن، بۆ ڕامان و هزری نیۆلیبراڵی بنگەهی و پێویستە. سەرەڕای ئەمەش، وەک بینیمان، نیۆلیبراڵەکان هەندێک کات ڕێگای شک و گومانێکی بەرفرەتر دەگرنەبەر کە تێگەیشتنمان لە ڕاستییە ئەخلاقییەکان دەخەنە گومانەوە. دەبێ وەک تایبەتمەندییەکی دۆکترینی نیۆلیبراڵ لە خاکەڕایی مەعریفی ســەبارەت بە کۆمەڵێکی فرە لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییە ناپێودانگییەکان بڕوانین، لە کاتێکدا کە خاکەڕایی سەبارەت بە ڕاستییە ئەخلاقییەکان بەو ڕادەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە نیۆلیبراڵیزم چییە بنگەهی و سەرەکی نییە. کەواتە، دەکرێت نیۆلیبراڵیزم بەدەر لەم فۆرمە بەربڵاوترەی گومانگەرایی ئەخلاقی فۆرموڵە بکەین.

نیۆلیبراڵــەکان هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئــازادی ئەو هەلە بۆ خەڵکانێک بە ئامانجگەلی جیاوازەوە دەڕەخســێنێت کە هاوکاری و هەرەوەزی بکەن و ئاشتی وەدی بهێنن (Hayek 1978: 111–136). ئەمە بۆ بیوکانان تەوەرێکی گرنگە (Buchanan 1975). وەک گرێبەستگەرایەک پێی وایە ئامانج لە ڕێککەوتن لەســەر ڕێســا دەســتوورییەکان کۆتاییهێنان بە دۆخی جەنگیی هۆبزی و مسۆگەرکردنی ئاستێکی پێویســت لە ئاشتی بۆ ڕانانی بەرژەوەندی و دەستکەوتی هاوبەش لە ئاڵوگوڕدایە. لەم ڕووەوە،

هۆی لۆژیکیی دووەم بۆ ئازادییە نەرێنییە بەربڵاوەکان ئەوەیە کە ئامرازێک بۆ هاوکاری و ئاشتین.

نیۆلیبراڵەکان بە ڕاشکاوی پشتیوانی لە مافگەلێکی بەهێزی خاوەندارێتیی تایبەت دەکەن، مافگەلێک کە نەتەنێ شتومەک و ڕاژەی بە مەبەستی بەرخۆری و بەکارهێنانی مرۆڤ خۆی، بەڵکوو هەروەها لە شێوەی سەرمایەش دەگرێتەوە (Hayek 1988: 35; 1973: 107). هۆی لۆژیکی بۆ مافگەلی خاوەندارێتیی تایبەت هاوشێوەی بابەتی گشتیی ئازادییە لیبراڵییەکانە کە باس و گەنگەشەمان کرد. هایەک (Hayek 1988: 35; 1973: 107; 1960 [2011:35]) و فریدمان (Friedman 1962a [2002: 8-9]) بەتایبەتی باس لەوە دەکەن کە تەنانەت لەڕووی چەمکییشەوە، ناتوانین ئابووری بەتەواوەتی لە ئازادییەکانی تر هەڵاوێرین. ئەم ئارگیومێنتەی هەردووکیان زۆر بەناوبانگە کە دەڵێن ئازادیی سیاسی و ئابووری لە مومارەسە و لەسەر ئەرزی واقیعیش ناکرێت لێک جیا ببنەوە. ئەمە بەشێک لە کرۆکی کتێبی *سەرمایەداری و ئازادی* و بێ گومان کرۆک و خاڵی سەرەکیی کتێبی *ڕێگای کۆیلایەتی*یە. بیوکانان (Buchanan 1993: 230) و هایەکیش (Hayek 1960 [2011: 141]) جەخت لەوە دەکەنەوە کە مافگەلی خاوەندارێتیی تایبەت ڕێگە بۆ مرۆڤەکان خۆش دەکەن کە بتوانن پلان دابنێن، تا ڕادەیەک لەبەر ئەوەی کە خاوەندارێتیی تایبەت ئەو هەلە بۆ خەڵک دەڕەخسێنێت کە پارە پاشەکەوت بکەن و بەم شێوەیە کەمتر پشت بە خاوەنکاران و بیرۆکراتەکان ببەستن. هەروەها خاوەندارێتیی تایبەت بە «مەرجێکی بنەڕەتی بۆ ڕێگریکردن لە ناچارکردن» و هەروەها بۆ دابەشبوونی بەربڵاوی دەسەڵات دادەنرێت (Hayek 1960 [2011: 140]). داکۆکی لە ئازادیی گرێبەستیش هەر بە هۆکارگەلێکی هاوشێوەی ئەمەیە. و کۆمەڵگە بۆ ڕێزگرتن لەم مافانە دەبێ پێشوازی لە سەرمایەداری بکات، چونکە جێبەجێکردنی ئەم مافانە بێ ئەملا و ئەولا ڕێکخستنی ئابووریی سەرمایەداریی لێ دەکەوێتەوە، کە سەرمایە هەم لە لایەن خاوەن سەرمایەکان و هەم کرێکاران سەریەک دەخرێت.

## ٤. سەرمایەداری

دەتوانین سەرمایەداری وەک سیستەمێکی ئابووری پێناسە بکەین کە تێیدا کۆمەڵێکی بەربڵاو لە شتومەک و ڕاژە پێشکەشکراوەکان بەپێی مافێکی بەهێزی خاوەندارێتیی تایبەت و سیستەمێک کە تێیدا نرخەکان لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە دیاری دەکردرێن، بەڕێوە دەبردرێت. خەڵک ئازادن شتومەک و ڕاژەکانیان بە گوێرەی هەر بەند و مەرجێک کە گرێبەستیان لەسەر کردووە، بە ئاستێکی کەم

لە سنوورداربوونەوە، ئاڵوویر بکەن. نیۆلیبراڵەکانیش وەها تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکیان هەیە، تەنانەت گەر هەردەم بە ناو داکۆکی لە سەرمایەداری نەکەن.

نیۆلیبراڵەکان لە داکۆکی لە سەرمایەداریدا تەرکیز لەسەر بەزاندنی دوو نەیار دەکەن: سۆسیالیزم و کەینزیانیزم، کە بە شێوەیەکی گشتی وەک ڕانەری کاریگەرترین بەدیلەکان بۆ دامەزراوە جێی مەبەست و پەسندکراوەکانی خۆیانیان ڕەچاو دەکەن. سۆسیالیزم، یان لانیکەم ئەو سۆسیالیزمەی کە کەوتووەتە بەر ئامانجی هێرشی نیۆلیبراڵەکان، سیستەمێکی ئابوورییە کە تێیدا سەرمایە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، و بەگشتی لە لایەن حکوومەتەوە خاوەندارێتی دەکردرێت، و لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پاشەکەوتی سەرمایە بەرهەم دەهێنرێت و ڕێک دەخرێت و دەسکەوتەکانی دابەش دەکردرێت، ئەمەش واتە بە شێوەیەکی کۆجێیی پلان بۆ ئابووری دادەڕێژرێت. نیۆلیبراڵەکان بە توندترین شێوە هێرش دەکەنە سەر سۆسیالیزمی مارکسیستی، بەڵام مارکسیستەکان تاکە ئامانجی هێرشەکانی وان نین. هایەک تامەزرۆ بوو ئۆسکار لانگە (Lange 1936)، سۆسیالیستی سەدەی بیستەم کە هەندێک ڕەهەندی ئابووریی نیۆکلاسیکی قبووڵ کردبوو، ڕەت بکاتەوە و بیر و بۆچوونەکانی پووچەڵ بکاتەوە. نیۆلیبراڵەکان هەروەها سۆسیالیزمی دیموکراتییان دەکردە ئامانجی ڕەخنەکانیان؛ بۆ نموونە، هایەک (Hayek 1944 [2007: 163-4]) لە پەرتووکی *ڕێگای کۆیلایەتی*دا ڕەخنەی ئاراستەی سۆسیالیستەکانی فابیان کردووە.

ئارگیومێنتی نیۆلیبراڵەکان لە دژی سۆسیالیزم لەسەر بنەمای سێ نیگەرانی بنیات نراوە: ناکارامەیی، ململانێ و دەسەڵات. سۆسیالیزم ناکارامەیە، ململانێی کۆمەڵایەتی چێ دەکات و بە شێوەگەلێکی مەترسیدار دەسەڵات لە یەک شوێندا چڕ دەکاتەوە. با لە ناکارامەییەوە دەست پێ بکەین، ئەو ئارگیومێنتە ناسراوەی کە دەڵێت ئابوورییە سۆسیالیستییەکان بە بەراورد لەگەڵ سەرمایەداری، کۆمەڵگە هەژار دەکەن.[٥] یەکەم هۆکاری ناوبانگدەرکردنی هایەک ڕۆڵی ئەو بوو لەو باسەدا کە بە گەنگەشەی حیساباتی سۆسیالیستی ناودێر کرابوو، کە دەپەرژایە سەر ئەو بابەتە کە چلۆن پلاندانەرانی سۆسیالیست بەبێ کەڵکوەرگرتن لە سیستەمێکی نرخ، دەتوانن پلان بۆ بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شتومەکە سەرمایەییەکان داڕێژن. سۆسیالیستەکان دەیانگوت پلاندانەران دەبێ بتوانن بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەڵبژاردەی بەرخۆر و بەرهەمهێنان پلان دابنێن. لودویگ ڤۆن میسێس (Mises 1922 [1936/1951]) ئەم گەنگەشەیەی بەو ئارگیومێنتە دەست پێکرد کە بەبێ سیستەمێکی نرخ، ئەو زانیارییەی بۆ داڕشتنی پلانی ئابووری پێویستە لە ئارادا نابێت. بەبێ سیستەمێکی نرخ، هیچ زانیارییەک بۆ کۆکردنەوە و خەمڵاندن لەبەردەستی پلاندانەراندا

نابێت. ئۆسکار لانگە (Lange 1936) وەڵامی دایەوە کە بەڕێوبەرانی سۆسیالیستی کۆمپانیاکان دەتوانن بە چاولێکەری لە نرخەکانی بازاڕ ئەم کێشـەیە چارەسـەر بکەن. هایەک (Hayek 1945) لەگەڵ لانگە هاوڕا نەبوو؛ لەو باوەڕەدا بوو کە تەنانەت ئەگەر زانیاریی پێویسـت بۆ پلاندانانی ئابووری بەردەسـتیش بێت، بـەر لەوەی ئەو زانیارییـە پەیوەندیدارە بگۆڕدرێـت کۆکردنەوەی زۆر ئەسـتەمە و خەمڵاندن و بەراوردکردنی هەر مەیسـەر نییە. کێشەکە ئەوەیە کە زانیاریی پێویسـت بۆ پلاندانانی ئابووری بە کەس نادرێـت. بە بۆچوونی هایەک، «ئەگـەر هەموو زانیارییە پەیوەندیدارەکان لەبەردەسـتماندا بێت، *ئەگەر* بتوانین لە سیستەمێکی دیاریکراوی هەڵبژاردەکانی بەرخۆرەوە دەست پێ بکەین و *ئەگەر* دەست بەسەر زانینی تەواو لەسـەر ئامرازەکانی بەردەسـتدا بگرین» دەتوانین پلانی ئابـووری داڕێژین. بەڵام ئەمە «بە دڵنیایـی تەواوەوە ئەو کێشـە ئابوورییە *نییە* کە کۆمەڵگە لەگەڵی بەرەوڕوویـە» (Hayek 1945: 519). لەبری ئەمە، «ئەو «داتا»یەی کە حیساباتی ئابووری لێیەوە دەست پێدەکات هیچکات بۆ هەموو کۆمەڵگە بە یەک زەین و نێرینەوە «پێدراو و بەردەست» نییە کە بتوانێت لەسەر ئاماژە و لێکەوتەکانی کار بکات و هیچکاتیش ناکرێت بەم شێوەیە پێ بدرێت».

لە بەرامبەردا، ئابووریی بازاڕ لە ڕێگەی سیستەمی نرخەوە دەتوانێت کەڵک لەم زانیارییانە وەرگرێت. سیسـتەمی نرخ دەتوانێت سـوود لە زانینـی خۆجێیی و زۆربەی کات ناڕاسـتەوخۆی هـەر تاکێک بۆ بەرهەمهێنانی کارا و کاریگەرانەی شتومەک و ڕاژە وەرگرێت بەبێ ئەوەی کە ئەو زانیارییانە لە شوێنێکدا کۆ بکاتەوە. «تایبەتمەندیی سەرسامکەر»ی بازاڕ ئەوەیە کە کاتێک کە هەندێک کەرەستەی خاو بە ڕادەی پێویسـت دەسـت ناکەوێت، «دەیان هەزار کەس کە بە چەندین مانگ پشکنین و لێکۆڵینەوە شوناسیان دیاری ناکردرێت، ناچار دەبن کە ئەو کەرەسـتە خاوە یان بەرهەمەکانی بە شـێوەیەکی دەستپێوەگرانە بە کار بهێنن»، و ئەمەش «بەبێ ئەوەی کە فەرمانێک دەرکرابێت و بەبێ ئەوەی کە زیاتر لە چەند کەسێک هۆکارەکـەی بزانـن» ڕوو دەدات (Hayek 1945: 527). شـیکاریی هایەک لەسـەر ئەوەی کە چلۆن زەینەکان زانیارییەکان پرۆسێس دەکەن (Caldwell 2004: 261–285)، و چلۆن کۆمەڵگەی بازرگانی و هەروەها سیستەمگەلی ڕێسا کولتووری و ئەخلاقییەکان دەگۆڕدرێن و گەشە دەکەن، لەوانەیە تەرکیزی سەرەکیی کارەکانی بێت (Caldwell 2004: 286-321). فریدمان (Friedman 2000 [2012: 234]) و بیوکانان (Buchanan 1969: 87-8) لەگەڵ شیکارییەکەی هایەک هاوڕان.[٦]

نیۆلیبراڵەکان بۆ پاساودانی بازاڕ، بەدەر لە ئارگیومێنتی زانیاریپێدەرانە، پەنا بۆ کۆمەڵێک تێبینی دەبەن،

کــە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە تایبەتمەندیی داهێنەرێتیی میکانیزمی بازاڕ و توانایی بازاڕ بۆ بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی ژیان بدەین. ئیمۆن باتلەر (Butler 1985: 22) ئاماژە بەوە دەکات کە بەڵگاندنی فریدمان بۆ ســەرمایەداری، وەک لە پەرتووکی *سەرمایەداری و ئازادی*دا ڕوونی کردووەتەوە، لەسەر بنەمای «ئەو فرەچەشــنی، خۆگونجانــدن و ڕێکبوونی خێرا، داهێنــان و تاقیکارییەیە کە لە بــازاڕدا بەدی دەکرێت». فریدمان لە کتێبی *ئازاد بۆ هەڵبژاردن*دا دەڵێت کاتێک دەوڵەت هەوڵ دەدات بە شــێوەیەکی کۆجێیی و ناوەندگەرا پلان داڕێژێت، هاووڵاتییانی ئاسایی «ئاستی ژیانیان نزمە» (Friedman & Friedman: 54–5). لە بەرامبەردا، بازاڕ «هێزێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ستانداردە ماددییەکان بە شێوەیەکی خێراتر لە هەر سیستەمێکی تری» هەیە، هاوکات کە ئازادییش دەپارێزێت (Butler 1985: 197). هایەک (Hayek 1978: 67) جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرمایەداری پێشبڕکێ دەپارێزێت، کە ئەو نەک وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە نرخی هاوسەنگیی بازاڕ، بەڵکوو وەک «ڕێکارێکی دۆزینەوە» بۆ وەدیهێنانی بیرۆکە و داهێنانی نوێ لێی دەڕوانێت. بیوکانان گەرەکیەتی سەرنج لەسەر ئەو ئارگیومێنتە چڕ بکاتەوە کە بازاڕەکان، لەچاو کاربەدەســتەکانی حکوومەت، پاڵنەر و گوڕوتینێکی باشــتر بە خەڵک دەبەخشن. لەو ڕووەوە کە «سیاسەتڤان و بیرۆکراتەکان وەک خەڵکانێکی ئاسایی ڕێک هاوشێوەی ئێمە دەبیندرێــن» (Buchanan 1979: B4 [1984:20])، هیچ پاڵنەر و تامەزرۆییەکیان بۆ تەنانەت هەوڵدان بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی پلانێکی سۆسیالیســتی نییە. بەڵکوو لانیکەم بەشــێکی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئابووریدا بۆ ئامانجە خۆویستانەکانیان بەکار دەهێنن، کە ئەمەش، تەنانەت ئەگەر هەموو کێشەکانی پەیوەست بە زانیارییەوە چارەسەر بکرێن، کاریگەری و کارایی حکوومەتی سۆسیالیستی دادەبەزێنێت و خاشەبڕ دەکات.

بەشێکی تری ئارگیومێنتەکان لە دژی سۆسیالیزم بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە سۆسیالیزم ململانێی ناپێویست دێنێتە ئاراوە. هایەک دەنووســێت کە سۆســیالیزم «ڕێککەوتنێکی زۆر ڕەبەقتر لەمــەڕ بایەخی ڕێژەیی ئامانجــە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا لە ئارادایە پێشــگریمانە دەکات»، کە ئاکامەکەی ئەوەیە کە «دەسەڵاتی پلاندانان دەبێ کۆمەڵێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە لەو بەهایانەی کە بوونیان نییە بەسەر خەڵکدا بســەپێنێت» (Hayek 1997: 193؛ هەروەها بڕوانە Hayek 1944 [2007: 109, 166]). فریدمان بە هەمان شێوە دەڵێت کە «هەرچی بواری ئەو چالاکییانەی کە لەژێر کارتێکەری و چاودێریی بازاڕدان بەرینتر و بەرفراوانتر بێت، ئەو پرسگرێکانە کە پێویست بە بڕیاری سیاسیی ڕاشکاوانە و دەسا گەیشتن بە ڕێککەوتنە لەسەریان کەمتر دەبنەوە» (Friedman 1962a [2002: 24]). بازاڕەکان

ئەو هەلە دەرەخسێنن کە ئەو خەڵکانەی جیاوازیی ڕا و بۆچوونیان هەیە، سەرەڕای هەبوونی بەهاگەلی جیاواز قازانج بە یەکتر بگەیەنن. لە بەرامبەردا، سۆسیالیزم پێویستی بە پلانێکی ناوەندییە، و لەم ڕووەوە دەبێ بەها و ئامانجگەلی مشتومڕهەڵگر و تاقم و تیرەگەرایانە بەسەر هەمووان‌دا بسەپێنێت. حکوومەتە سۆسیالیستییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە و سەپاندنی پلانێکی ناوەندی، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە شوێنێکدا چڕ بکەنەوە.

سۆسیالیزم لە ڕێگەی دیکەشەوە لەڕادەبەر دەسەڵات لە شوێنێکدا چڕ دەکاتەوە. زۆرجار سۆسیالیستەکان باسیان لەوە کردووە کە بە گواستنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆ کۆمەڵگە، دەکرێت دەسەڵاتی ئابووریی کاپیتالیستی کۆنترۆڵ بکردرێت، بەڵام هایەک (Hayek 1944 [2007: 165]) لە وەڵامدا دەڵێت کە سۆسیالیزم «دەسەڵات کپ ناکات»، تەنیا لە یەک شوێندا چڕی دەکاتەوە. فریدمان (Friedman 1955 [2017: 4]) هاوڕایە و دەڵێت کە «دەسەڵاتی سیاسی لە سرۆشتی خۆیدا مەیلی بە چڕبوونەوە لە شوێنێکدا هەیە»، لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئابووری «ئەگەر لە ڕێگەی بازاڕێکی بێلایەن ڕێک بخرێت دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر نەناوەندی و ناکۆجێیی بێت». مەترسیی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دامەزراوە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە «حکوومەت پاشکۆ و ملکەچی گرووپە کۆجێییە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەبێت»، لە کاتێکدا بازاڕەکان لە ڕێگەی «گوشاری پەرژ و بڵاوی ملیۆنان بەرخۆری تاک» دەگۆڕدرێن. بە هەمان شێوە، لە کاتێکدا کە حکوومەتەکان برەو بە پاوانکاری و قۆرخکارییەکان دەدەن، «بازاڕ تێکیان دەشکێنێت» (Butler 1985: 223). یەک لە لایەنە باشەکانی بازاڕەکان ئەوەیە کە خەڵک دەتوانن بڕیار بدەن کە نەچنە ناو ئاڵوویرەوە، لە کاتێکدا لەژێر سێبەری سۆسیالیزمدا هەمووان لە ململانێیەکی سیاسیی تێوە دەگلێن. جگە لەمە، هایەک (Hayek 1978: 99) دەڵێت کە لەژێر سێبەری سۆسیالیزمدا دەسەڵاتی سیاسی پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و گرووپەکان دیاری دەکات، کە ئاکامێکی بە تانە و تەشەری دۆکترینێکە کە ئامانجەکەی دابەشکردن و پەخشانکردنی دەسەڵاتە. بیوکانانیش (Buchanan 1993: 246) لەسەر ئەم بۆچوونەیە، هەرچەند تا ڕادەیەک هۆکارەکانی جیاوازن.

نیۆلیبراڵەکان لەبەر ئەوە داکۆکی لە سەرمایەداری ناکەن کە هەرچی شایەنی خەڵکە پێیان دەبەخشێت. فریدمان و بیوکانان وەها ئارگیومێنتێک ناهێننە ئاراوە، و هایەک دژی بانگەشەگەلی لەم چەشنە دەدوێت و بەڵگاندن دەکات. هایەک (Hayek 1978: 70) لە چەندین شوێندا دەڵێت کە لێکەوتە و ئەنجامەکانی بازاڕ بە هیچ شێوەیەک بە گوێرەی لێوەشاوەیی و شیانێکی تایبەت نین، و بۆیە کەس ناتوانێت بڵێت کە

لێکەوتەی بازاڕ دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانەیە. هایەک، فریدمان و بیوکانان لەوە تێدەگەن کە لێکەوتە و ئەنجامەکانی بازاڕ لە گۆشــەنیگایەکی ئەخلاقییەوە زۆربەی کات هەڕەمەکی و بە ڕێکەوتن. بازاڕەکان هەندێک کەسی نەشیاو دەوڵەمەند دەکەن و هەندێک کەسی شیاو و لێوەشاوە هەژار دەکەن.

وەک ئاماژەمــان پــێ دا، کەینزیانیــزم نەیــارە گەورەکەی تــری نیۆلیبراڵیزمە. بــا کەینزیانیزم وەک کۆمەڵێک پێشــنیار و گەڵاڵەی ڕامیاری پێناسە بکەین کە ئامانج لێیان بریتییە لە ڕاستکردنەوەی شکستە هەڵبەســتراوەکان بۆ بازاڕ لەســەر ئاســتی کەڵەئابووریدا، و بەتایبەت وەک کەڵکوەرگرتن لەو بەشــە لە خەرجییەکانی حکوومەت کە لە ئەنجامی کورتهێنانی بودجە لە ڕێگەی قەرزەوە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ســووڕی بازرگانی و بزاوتن و وەجووڵەخســتنی ئابووری دابین کراون. ئەم سیاســەتانە لە جۆن مەینارد کەینزەوە (Keynes 1935 [1965: 2011]) ئیلهام وەرگیراون، تەنانەت ئەگەر هەمووکاتیش بە بەردەوامی ئەو سیاسەتانەی نەگرتبێتەبەر.[٧]

هەر ســێ بیرمەندەکــە هەوڵێکــی زۆر دەدەن کــە وەڵامــی ئارگیومێنتەکانی کەینز ســەبارەت بە دەســتتێوەردانی حکوومەت بدەنەوە. ئارگیومێنتەکانی هایــەک (Hayek 1941 [2007]) لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەدان کە چلۆن خەرجییەکانی حکوومەت و بڕیار و هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی کاریگەری لەســەر پێکهاتەی شتومەکە سەرمایەییەکان لە سەرانســەری ئابووریدا دادەنێن. بە پێچەوانەی دڵنیایی و ئاســوودەیی کەینز (Keynes 1935 [1965: 37-45]) لە داتا ئامارییەکان لە کتێبی *بیردۆزی گشتی*دا، هایەک (Hayek 1941 [2007]) پێی وایە کە پشتبەستن بە داتا ساکارە ئابوورییەکان ئەمە لەبەرچاومان لێڵ و ناڕوون دەکات کە پێکهاتەی ســەرمایە و وەبەرهێنان لە سەرانســەری ئابووریدا بە چ شــێوەیەکە. هایــەک هەروەها لەو باوەڕەدایە کە هۆکاری ســەرەکیی داتەپینی ئابووری ئەو سیاســەتانەیە کە پێدانی ئیعتبــاری بانکی، زۆر ســاکار دەکەنەوە، کــە دەبێتە هۆی وەبەرهێنانی هەڵە کە لە ســەردەمی لێکەوتنی ئابووریدا دەبێ نەخت بکرێنەوە. خاڵی جێی بایەخ ئەمەیە کە ڕەخنەی هایەک لە کەینز لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کاریگەریی نەبوو. بیرۆکەکانی فریدمان و بیوکانان، بەتایبەتیش فریدمان، قورسایی و باندۆرێکی زۆرتریان هەبوو.

فریدمان و بیوکانان دەپەرژێنە ســەر ئەو بانگەشە کەینزییانە کە دەڵێن داتەپینە ئابوورییەکان بەهۆی کەمبوونەوەی کۆی خواســت دێنە ئاراوە و تەنیا بە یارمەتیی قورســی ئەو پاڵنــەرە داراییانەی لە ڕێگەی قەرزەوە دابینی دارایی کراون دەکرێت چارەسەر بکردرێن (گەرچی کەینز خۆی هەمووکات لایەنگری

سیاسەتی دژەسووڕیی دابینی دارایی لە ڕێگەی قەرزەوە نەبوو). فریدمان (Friedman 1959) دۆکترینی مۆنیتاریزمی پەرە پێ دا، کە پێی وایە هەڵاوسـان لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شـوێنێکدا دیاردەیەکی پارەییە. هەڵاوسان و سووڕی بازرگانی دەتوانرێت بە سیاسەتی پارەیی کۆنترۆڵ بکردرێت و بۆیە پێویست بـە وەڵامێکی دارایی نییـە. فریدمان و ئانـا شـوارتز (Friedman & Schwartz 1963) پێیان وایە کە «داتەپینی ئابووریی مەزن» [١٩٢٩-١٩٣٩] بەهۆی دابەزین لە کۆی خواسـتدا نەبوو، بەڵکوو لەبری ئەوە سیستەمی بانکی ناوەندیی ئەمریکا هۆکار بوو کە ڕوو بدات –هەر ئەو بانکە ناوەندییەی کە بۆ ئەوە ساز کرابوو کە پێش بـە داتەپینە ئابوورییەکان بگرێت– ئەویش چونکە بانکی ناوەندیی ئەمریکا ڕێگەی بە بناغەپارە دا کە داڕمێت. ئەگەر بانکی ناوەندیی ئەمریکا گەشـەی پاشـەکەوتی پارەی مسۆگەر بکردایە، دەکرا پێش بە «داتەپینی ئابووریی مەزن» بگیردرێت. ئەم بابەتە بۆ داکۆکی لە بازاڕ بایەخێکی زۆری هەیە چونکە سـووچی «داتەپینی ئابووریی مەزن» بە شێوەیەکی بەربڵاو خرایە سەر سەرمایەداری و ئەوی پێ سەرکۆنە کرا. ئەگەر ئەو «داتەپینە ئابوورییە» فەشەلهێنانێکی حکوومەت لە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی پارە بوو، ئەوە ئەم «داتەپینە ئابوورییە» ناتوانێت ببێت بە بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری –بەڵکوو تەنانەت ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ بەپیرەوەچوون و قبووڵکردنی سەرمایەداری.

لـە ڕوانگـەی فریدمانەوە (Friedman 1959)، کاردانەوەی سـەرەکیی سیاسـەت گواسـتنەوەی بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی سووڕی بازرگانی لە کۆنگرێسەوە بۆ بانکی ناوەندیی ئەمریکا، و بەستنەوەی بانکی ناوەندی لە سیاسـەتێکی کرانەوەی پارەییدایە بۆ ئەوەی کە نەهێڵێت تووشی هەڵەی گەورە ببێت. زۆر سـادە بیڵێم، داڕێژەرانی سیاسەتی پارەیی بە ڕادەی پێویست شارەزا و لێزان نین کە سیاسەتی پارەیی بۆ بەڕێوەبردنی سـووڕی بازرگانی بەکار بهێنن. بەڵکوو پێویستە پابەند بە ڕێسایەکەوە بن کە هەڵاوسانی هێدی و لەسـەرەخۆی لێ دەکەوێتەوە، کە هەم پێش بە هەڵاوسانی ڕژد دەگرێت و هەم بە کەمکردنەوە و ڕەواندنەوەی ئەو ئاڵۆزی و شـێواوییانەی بەهۆی هەقدەستی نۆمیناڵی چەسپاو هاتوونەتە ئاراوە، بەر بە بێکاریی درێژەدار و سـووڕی دەگرێت، بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی کەینز (Keynes 1935 [1965: 231-7]). تەرخانکردنی سەرنج و تەرکیزمان لەسەر گەشەی بناغەپارە هەروەها بەر بە داڕمانی پاشەکەوتی پارە دەگرێت و لە ئاکامدا ڕێگری لە چەند حاڵەت و جۆری داتەپینی ئابووری دەکات.

ڕەخنەی بیوکانان لـە کەینز جیاواز لەوەی فریدمانە، هەرچەنـدە ڕەخنەکانی ئەم دووە یەکتر بەهێز دەکەن. بیوکانان (Buchanan 1987, 1999) پێی وایە کە تەنانەت ئەگەر کەینز بە دروستییش هۆکارەکانی

داتەپینــی ئابووریی دەستنیشــان کردبێت، تا کاتێک کە خەڵکانی جیهانــی واقیع حکوومەتەکان پێک دەهێنن و بەڕێوەیان دەبەن، چارەســەرەکەی ناتوانێت کەڵکی هەبێت. زۆربەی سیاسەتڤانان و بەرپرسان و کاربەدەســتانی حکوومــی زۆرتر لە خەمــی قازانــج و بەژەوەندیی خۆیــان و گرووپگەلێکی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتدان، نەک خەمی بەرەوپێشبردنی چاکەی گشتی. بۆیە کاتێک حکوومەتێک بژاردەی پاڵنەری ئابووریی دابینکراو لە ڕێگەی قەرزەوە هەڵدەبژێرێت و کارا دەکات، ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ئەو پارەیە ئاراستەی ئەو گرووپانە بکردرێت کە بە دڵی سیاسەتڤانانن، نەک بدرێت بەو شوێنانەی کە زۆرترین پێویستییان بەو پارە پاڵنەرەیە. گرفتێکی سەرەکیی سیاسەتی دارایی کەینزی، مەترسیی گشتگیر و بەربڵاوی شکســتهێنانی حکوومەت بەهۆی هەنگاوەکانی ئەکتەرە ئابوورییە بەرژەوەندیخوازەکانە، کە تەوەرێکی ســەرەکیی کتێبی *حیســاباتی ڕەزامەندی*یە (Buchanan & Tullock 1962). بە هەمان شێوە، کاتێک خەڵک ڕوو لە گواستنەوە و هەناردنی ڕاستەوخۆی پارە دەکەن، کەمکردنەوەی ئاستی کورتهێنانی بودجە دوای کۆتاییهاتنی داتەپینی ئابووری ئەستەم دەبێت، کە ئەمە دەبێتە هۆی قەرزی درێژخایەن و دابەزینی ئاستی برەو و گەشەی ئابووری.

## ٥. دیموکراسی

نیۆلیبراڵەکان پێشوازی لە دیموکراســی دەکەن. بەتایبەتیتر، پشتگیریی مافی یەکسان بۆ دەنگدان و بەشــداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و پشتیوان و لایەنگری دیموکراسیی پەرلەمانی وەک ئامرازێک بۆ دانانی یاسان. هایەک دەڵێت، «بەقووڵی باوەڕم بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی وەک تاکە ڕێگەی کاریگەر کە تا ئەمڕۆ بۆ مەیســەرکردنی گۆڕانکاریی ئاشــتییانە دۆزیومانەتــەوە هەیە» (Hayek 1979: xiii)، و بانگەشــەی ئەوە دەکات کە نیگەرانی دڵســاردی و بێهیوایی لە دیموکراســی «وەک شــێواز و میتۆدێکی خوازراو بۆ حکوومەتە». لای هایەک، گەر بڕیارە سیستەمی بازاڕ بە دروستی ئیش بکات دەبێ «لەناو کۆمەڵێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا جێ بگرێت»، و ئەمەش بریتی لە «سیاسەتێکی دیموکراتیی ملکەچی سەروەریی یاسا»یە (Caldwell 2004: 348). خاڵێکی جێی بایەخی کتێبی *ڕێگای کۆیلایەتی* ئەوەیە کە بیسەلمێنێت کە سۆسیالیزمی لیبراڵ دیموکراتی ناسەقامگیرە و ئەوەی کە سۆسیالیزم یا دەبێ لەوە دەست بکێشێت کە دیموکراتی بێت یان لەوەی کە سۆسیالیزم بێت. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ داڕشتنی پلان بۆ ئابووری نەتەنێ مافە لیبراڵییەکان لەناو دەبات، بەڵکوو بەناچار دیموکراسییش کاول دەکات.

ئاراستەی داکۆکیکردنی هایەک لە دیموکراسی ڕووی لە میتۆدێکی ئامرازگەرایانەیە، لەو ڕووەوە کە دەڵێت «بەهای ڕاستەقینەی دیموکراسی ئەوەیە کە وەک ڕێوشوێنێکی مشوورخۆرانە و تۆکمەکاریی پاکژ دەور دەبینێت کە لە دژی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات پارێزگاریمان لێ دەکات. دیموکراسی ڕێگەمان پێ دەدات حکوومەتێک لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە و هەوڵ بدەن حکوومەتێکی باشتر لە شوێنی دانێین» (Hayek 1979: 137). هەروەهــا «یەک لە گرنگترین قەڵغانەکانی پارێزەری ئازادییە» (Hayek 1979: 5). و لەگەڵ ئەمەشــدا، هایەک پێی وایە کە بۆ دانان بە یەکســانیی مرۆڤەکان پێویستە نەتەنێ یەکسانی لەبەردەم یاســادا هەبێت بەڵکوو «هەروەها دەخوازێت کە هەموو مرۆڤەکان پشکی هاوبەشیان لە دانانی یاســادا هەبێت» تەنانەت گەر دیموکراســی «ئامرازێکیش بێت نەک ئامانجێک» کە پێویستە سنووردار بکردرێت (Hayek 1960 [2011: 103, 107-8]).

ئەم دەروەستییە لە لایەن ئەندامانی «کۆمەڵەی مۆنت پێلێرین»ەوە کە هایەک ڕێکی خستبوو، قبووڵ کرابوو. ئانگوس بورگین دەڵێت کە «بە درێژایی دەیەی یەکەمی دامەزرانی ئەم کۆمەڵەیە، پەیوەندییەکی گریمانەیی لە نێوان بازاڕە ئازادەکان و سیاســەتە دیموکراتییەکاندا باڵی بەسەر باس و گەنگەشەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا کێشــابوو و گریمانەیەکی بنەڕەتیی بۆ زۆرێک لە بەشــدارییەکانی ئەندامان لە گەنگەشــە و مشــتومڕەکانیدا پێک هێنابــوو» (Burgin 2012: 117). فریدمان زۆرتر لەســەر ئەو بنەمایە داکۆکی لە بازاڕە ئازادەکان دەکات کە بۆ ئازادیی سیاســی و دیموکراسی یارمەتیدەرن؛ ئەم دوو ئازادییە «بەیەکەوە گرێــدراون و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە» (Butler 1985: 207). فریدمــان (Friedman 1962a [2002: 9]) زۆربــەی کات دەڵێــت کە «هیچ نموونەیەک لە هیچ ســەردەم و هیچ شــوێنێکدا شــک نابات کە تێیــدا کۆمەڵگەیەک بەوە ناسرابێت کە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادیی سیاســیی تێدا بەدی دەکرێت، کەچی کەڵکی لە شــتێک لە شێوەی بازاڕێکی ئازاد بۆ ڕێکخستنی بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە ئابوورییەکانی وەرنەگرتبێــت». کەواتە، وا دیارە باوەڕی فریدمان ئەوەیە کە دیموکراســی چاکەیەکی مەزنە، بەڵام ئێمە بــۆ لای خەملاندنی هۆکارەکانی ئەمەی کە بۆچی وایە ڕادەکێشرێین. دەکرێت بڵێین داکۆکیی فریدمان لە دیموکراســی زۆربەی لەبەر ئەوەیە کە ئازادی دەپارێزێت و دەرفەتی لەســەر کار لابردنی ئاشتیانەی حکوومەتێکی خراپ دەڕەخسێنێت. بەڵام لە کۆی بەرهەمەکانی زۆر کەم هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان قسە لەسەر ئەم پرسیارە بکات.

بیوکانان دیموکراتترینی ئەم سێ کەسەیە. هاوڕایە کە دیموکراسی بۆ ئاشتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی

پێویســـتە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ یەکســـانیی سیاســـی پێویســـتە حکوومەت لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی خەڵک بێت. دیموکراسی درێژکراوەی تاکگەراییەکەیەتی: «ڕێبازەکە دەبێ دیموکراتی بێت، کە لەم تێگەیشـــتنەدا تەنیا جۆرێکە لە نۆرمی پێناســـەیی بۆ تاکگەرایی. هەر مرۆڤێک تاکێک بە هەژمار دێت، ئیتر تەواو» (Buchanan 1975: 2). بیوکانان هاوکات کە بۆ ڕێسا دەستوورییەکان پێداگری لەسەر ڕەزامەندیی یەکدەنگ و بەتێکڕایی دەکات (بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، لە نێوان کەسانی نائایدیالدا)، پێی وایە کە دەســـتوورەکان دەبێ ڕێگە بەو ڕێســـایانەی بڕیاردان بدەن کە تەنانەت یەکدەنگیی تەواویان لەســـەر نییە، بۆ نموونە حوکمڕانیی زۆرینە. ڕاستە بیوکانان (Buchanan and Tullock 1962: 85–96) دەڵێت کە بۆ ڕێساکانی یاسادانان لەجیاتی زۆرینەی سادە دەبێ زۆرینەی بەهێز ڕەچاو بکردرێت، بەڵام هێشـــتاش ئەمە لە چوارچێوەی دیموکراســـی دەرناچێت، بەتایبەت کاتێک کە بناغەکانی بە ڕەزامەندیی بەربڵاوی خەڵک بەهێز و پتەو بکردرێت.

بەڵام بەپێچەوانەی زۆرێک لە تیۆریســـتە دیموکراتییە کلاســـیک و هاوچەرخـــەکان، نیۆلیبراڵەکان دیموکراســـی نە وەک لەخۆگری ئیتۆســـێکی کۆمەڵایەتی یان کولتوورێکی نەتەوەیی دەبینن و نە خۆی لـــە خۆیدا وەک دەربڕینێکی ئازادی ســـەیری دەکەن. وەک هایـــەک (Hayek 1979: 5) ئاماژەی پێ دەدات، «دیموکراسی خۆی ئازادی نییە». فریدمان پێداگرە کە بە شێوەیەکی سەلبی لە ئازادی تێبگەین، بە جۆرێک کە تێگەیشـــتنمان بۆ پرۆســـەی سیاســـی وەک دیاریکەری ســـنوورەکانی ئـــازادی و ڕەنگە پارێزەریشی بێت، بەڵام وەک بەرجەستەکردنی ئازادی لێی نەڕوانین. هەروەها بیوکانان ڕەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت کە ئەو بە ڕوانگەیەکی لە بنەڕەتدا «ڕۆمانتیک» بۆ دیموکراســـی ڕەچاوی دەکرد، کە بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە ویست و ئیرادەی خەڵک لە هەنگاو و کردەوەکانی حکوومەتێکی دیموکراتیدا بەرجەستە دەبێتەوە و خۆی دەردەخات.

شایەنی باسە کە نیۆلیبراڵەکان کاتێکی زۆر زیاتر بۆ باس و موناقەشە لەسەر سنوورەکانی دیموکراسی تەرخان دەکەن تاکوو گەنگەشـــە لەســـەر دیموکراسی خۆی. بەشـــێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوای شکستهێنانی فاشیزم، چاکی و لەباریی دیموکراسی لای نیۆلیبراڵەکان و بەردەنگی باس و گفتوگۆکانیان، بە شتێکی ڕوون و بەڵگەنەویست داندراوە. هایەک، فریدمان و بیوکانان لەبری ئەمە، سەرنجیان دەخەنە سەر ڕەخنەگرتن لە دیموکراسیی «بێسنوور». هایەک (Hayek 1944 [2007: 111-2]) لەوە نیگەرانە کە دیموکراسییەکی بێســـنوور دەتوانێت سەروەریی یاسا لاواز و خاشەبڕ بکات و دەسەڵاتی ملهوڕی بێنێتە

کایەوە. دەڵێت (Hayek 1960 [2011: 106]) دەسەڵاتەکانی هەر «زۆرینەیەکی کاتی» دەبێ سنووردار بن. دەســەڵاتی بێسنوور «کەمایەسییەکی کوشــندەی فۆرمی زاڵ و باوی دیموکراسییە» و لەسەر بنەمای ئەو گریمانە هەڵە و چەوتە دامەزراوە کە هەموو یاســاکان «لە دەســەڵاتی یاسادانانەوە سەرچاوە دەگرن» (Hayek 1979: 3-4). کێشەیەکی تری دیموکراسیی بێسنوور ئەوەیە کە کۆڕ و کۆمەڵە دیموکراتییەکان دەســەڵاتێکی زۆرتر لەوە دەگرن بە دەستەوە کە بتوانن بە شــێوەیەکی کارا و کاریگەر هەڵیسووڕێنن، و بەم شــێوەیە ناچار دەبن ئۆتۆریتە و دەســەڵات «ڕادەســتی ئەو بەڕێوبەرانە بکەن کە ئەرکی وەدیهێنانی ئامانجگەلێکی تایبەتیان پێ سپێردراوە» (Hayek 1960 [2011: 116]). لە دیموکراسییەکی بێسنووردا «ئەوانەی هەڵگری دەســەڵاتی ئیختیاری و بە گوێرەی پێخۆشبوونی خۆیانن، بیانهەوێت یان نا، ناچارن لە بەرژەوەندیی گرووپگەلێکی تایبەت دەســەڵاتیان بە کار بهێنن کە هەر ئەو دەسەڵاتەیان پشتئەستوور و گرێدراو بە دەنگی نامســۆگەر و یەکلاییەنەکراوەی ئەو گرووپگەلە تایبەتەیە» (Hayek 1979: 139). دەتوانین بڵێین ئامانجی بەرگی ســێیەمی پەرتووکی یاســا، یاســادانان و ئازادی گەڕاندنــەوەی باوەڕ بە دیموکراسی لە ڕێگەی داکۆکیکردن لەو سنوورانە بوو کە بۆی داندراوە.

فریدمانیــش (Friedman 1962b [2017: 26]) ئاماژە بــە زۆرێک لەم خاڵانە دەکات و جەخت لەسەر ئەمەش دەکاتەوە کە ئازادیی سیاسی تەنیا «نەبوونی ناچارکردن و زۆرلێکردن لە مرۆڤێک لە لایەن مرۆڤەکانی ترە» و ئەوەی کە هەڕەشــەی بنەڕەتی بۆ ســەر ئازادی «هێز و دەســەڵاتی ناچارکردنە»، جا چ ئەو دەســەڵاتە لە دەســتی دیکتاتۆرێکدا بێت چ لە دەستی «زۆرینەیەکی ســاتەوەختی و کورتماوەدا». نیگەرانییەکــی تری فریدمان ئەوەیە کە گەر لەجیاتی «دیموکراســیی بەشــداریکەرانە» «دیموکراســیی بیرۆکراتی»مان هەبێت، دیموکراسی بەرەو جڵەوگرتن، ناکارامەیی و کۆنترۆڵکردن بڕوات.[٨]

ئارگیومێنت و بنەمای لۆژیکیی بیوکانان (Buchanan 1962: 131-146) بۆ سنوورە دەستوورییەکانی سەر دیموکراسی دەوڵەمەندتر و بیرتیژانەتر لەوەی هایەک و فریدمانە. بیردۆزی گرێبەستی بیوکانان بۆ ئەم ئارگیومێنتە تەرخان کراوە کە حوکمڕانیی زۆرینەی سادە دەتوانێت کۆمەڵێک کێشە و گرفتی فرەچەشنی لێ بکەوێتەوە، کە لە هەموویان ســەرەکیتر مەترســییەکانی جێگۆڕکێی هاوپەیمانی و هەواڵبەندییەکانی دەنگدەران یان یاســادانەرانە کە بە دابەشکردنەوەی سامان، خەسار بە یەکتر دەگەیەنن و سامان لە یەکتر دوور دەکەنەوە، و بەم شــێوەیە بۆ هەمووان دەرەنجامەکانی ئاستی نزمتری پاریتۆ دێتە ئاراوە. کێشەیەکی دیکەی دیموکراسیی بێسنوور ئەوەیە کە «تەنانەت لە لەبارترین بارودۆخیشدا لەوانەیە کارکردی پرۆسەی

دیموکراتی، دەسـبڵاویی بودجەیی لێ بکەوێتەوە. ئەگەر لە دەسـتووردا سـنوور بۆ دیموکراسی دیاری نەکردرێت، دەشـێ دیموکراسـی ببێتە لیڤیاتانی خـۆی» (Buchanan 1975: 204–5). سـنوورەکانی سەر دیموکراسی لە پێویستییەکانی خودی یەکسانیی سیاسییشە، چونکە «دەسەڵاتی ملهوڕانەی زۆرینە» هەڕەشـەیەکە بۆ سەر مافە یەکسانەکانی کەمینەکان، و بەتایبەتی «چونکە دنەی ئەو وەهمە ئایدیالیستییە دەدات کە بەشـداریکردن تەنیا شـتێکە کە گرنگە»، دەتوانێت مەترسـیدار بێـت (Buchanan 1993: 259). لـە ئەنجامدا، بیوکانان (Buchanan 1999: 75-88) پشـتگیری لە میکانیزمەکانی دەرچوون، بۆ نموونە ڕێکخستنە فیدراڵییەکان دەکات، کە ئەو میکانیزمانە ڕێگە بە خەڵک دەدەن کە لە دیموکراسیی زێدەڕۆیانە ڕزگاریان بێت.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بێنین پێویستە چوار ڕوونکردنەوە بدەین: یەکەم، نیۆلیبراڵەکان سەرەڕای نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە دیموکراسیی بێسنوور، دەیانهەوێت مافە دیموکراتییەکان بپارێزن. گرفتێک کە لەگەڵ دەوڵەتە بەربڵاوەکان هەیانە ئەوەیە کە دەوڵەتە زەبەلاحەکان ئاستی کاریگەریی دەنگی هەرکام لـە تاکەکان دادەبەزێنن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە حکوومەتە زەبەلاحەکان ناتوانن هاوسـەنگی لە نێوان ئەرکە زۆرەکانیاندا بپارێزن و ناتوانن ئەو خاترجەمییە بدەن کە ڕێککەوتن لەسـەر پرسـە هەرە گرنگ و لەپێشترەکان ببەنەسەر. هایەک دەڵێت کە ئاکامی ئەمە ناسەقامگیریی دیموکراتی دەبێت کە دیکتاتۆریی لێ دەکەوێتەوە. نیۆلیبراڵەکان بەپێچەوانەی لیبراڵە یەکسانیخوازترەکان، هەوڵ نادەن لە ڕێگەی لێوردبوونەوە و ڕاگۆڕینەوەی دیموکراتی، پرۆسـەی دیموکراتی ئەندازیاری بکـەن. بەڵکوو لەبری ئەوە، هیوادارن بە گرتنەبەری ڕێگەی سنووردارکردنی دەستووری لە قۆناغەکانی دواتری پرۆسەی دیموکراتیدا، بۆ نموونە بە سـنووردارکردنی دەسەڵاتی یاسادانان، پارێزگاری لە مافە دیموکراتییەکان بکەن. دووەم، نیۆلیبراڵەکان لە کاتێکدا کە پشتگیریی دیاریکردنی سـنوور بۆ دیموکراسی دەکەن، بەقووڵی لەگەڵ نەناوەندیکردنی دەسەڵاتی سیاسی و مسـۆگەرکردنی ئەوەن کە دەسەڵات بە دەست هەمووانەوە بێت، و بە پارێزراوی لە بەرامبـەر تاڵان و زاڵێتیی حکوومی و کۆمپانیاکان پابەندن. وەک فریدمان ئاماژەی پێ دەدات، «کۆمپانیا بازرگانییـەکان داکۆکیکار و بەرگریکاری ئابووریی بازاڕی ئازاد نین. بەپێچەوانەوە، یەک لە سـەرچاوە سەرەکییەکانی مەترسین» (Burgin 2012: 202).

ئەوان تەنیا سەبارەت بەوەی کە چلۆن ئەم بابەتە لەڕووی دامەزراوەییەوە مسۆگەر بکردرێت لەگەڵ لیبراڵە یەکسانیخوازەکان ناکۆکن. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، نیۆلیبراڵەکان جەخت لەوە دەکەنەوە

کــە داڕشــتن و گەڵاڵەکردنی دامەزراوەکان بە شــێوەیەک بێت کە دامەزراوە گەندەڵ و خۆســەپێنەکان نەتوانن، لە ناوخۆ یاخود لە دەرەوەی حکوومەت، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی بازاڕەکاندا، پێک بهێندرێن. بەڵام هەروەها بۆ ســنووردارکردنی ستەم و ســەرکوت و گەندەڵی، پەنا دەبەنە بەر کۆمەڵێک میکانیزمی دەســتووریی وەک ڕێســاکانی زۆرینەی بەهێــز (Buchanan & Tullock 1962) و فیدراڵیزم (Feld 2014). بەم پێیە، نیگەرانییەکی قووڵی نیۆلیبراڵەکان ئەوەیە کە خەڵک لە کۆنترۆڵی لەڕادەبەدەری سیاسی پارێزراو بن، بەڵام وا بیر ناکەنەوە کە ڕاگۆڕینەوەی گشتی بابەتێکی بنگەهی و سەرەکی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە بێت. دەتوانین بڵێین بۆ ســنووردارکردنی بەکارهێنانی دەســەڵاتی سیاسی، میکانیزمەکانی «دەرچــوون» بــە بژاردەیەکی باشــتر و گونجاوتر لە میکانیزمەکانــی «دەنگ» دادەنێــن (Hirschman 1970). خاڵی سێیەم، نیۆلیبراڵەکان تەنیا کەسانێک نین کە لە سنووردارکردنی دیموکراسی لە دەستووردا داکۆکی دەکەن، هەرچەندە زۆربەی تیۆریســتە دیموکراتە چەپگەراکان، بە بەراورد لەگەڵ نیۆلیبراڵەکان، سنوورگەلێکی کەمتر بۆ دیموکراسی دادەنێن.

لە کۆتاییدا، مێژوونووســانی ئەندێشــەی سیاســی ســەرنجمان بۆ ئەو ڕاســتییە ڕادەکێشن کە ئەو کەسایەتییە نیۆلیبراڵانەی لێرەدا باس کراون هەندێک کات پەیوەندی و تێکەڵاوییان لەگەڵ دیکتاتۆریی ئاگوســتۆ پینۆشــێت لە چیلیدا هەبووە. بەڵام بیوکانان (Farrant & Tarko 2018) و فریدمان (Burgin 2012: 205) لە باشــترین حاڵەتدا پەیوەندییەکی کەم و کورتیان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا هەبووە و تەنانەت ڕەخنەگریشــی بوون. بەڵام بەداخەوە، بابەتــی هایەک چیرۆکێکی ترە. هایــەک بیردۆزێکی نیوەچڵ و ناتــەواوی بە ناوی «دیکتاتۆریی ڕاگــوزەر» هەبوو کە ڕێگەی بە دیکتاتۆرێکی لیــبراڵ دەدا کە پێش بە دەرەنجامە سۆسیالیســتییەکان بگرێت و کۆمەڵگەیەک بەرەو دیموکراسییەکی لیبراڵ بگوازێتەوە، و ئەم بابەتــە لە ڕوونکردنەوەی هەندێک تێبینی و لێدوانی ئەرێنیی هایەک لە پاڵپشــتی و لایەنگریی ڕژێمی پینۆشــێتدا یارمەتیــدەرە (Farrant, McPhail, & Berger 2012; Biebricher 2018: 142–7; Slobodian 2018: 277). پشتگیریی هایەک بۆ ئەو ڕژێمە دەروەستییە دیموکراتییەکانی نیۆلیبراڵەکان خاشــەبڕ ناکات، بــەڵام دەتوانین بڵێین کە هایەک لەڕادەبەدەر لە دیموکراســی بەگومــان بوو. دەتوانین مەترســییەکانی جوداکردنەوەی خەست و چڕی لیبراڵیزم لە دیموکراســی بەڕوونی ببینین، کە دەتوانێت کەســێک بە ڕادەیــەک هەڵخڕێنێت کە بۆ پێشــگرتن لە سۆســیالیزمی دیموکراتی، خۆی لە باوەشــی دیکتاتۆریی لیبراڵ هاوێت.

## ٦. دەوڵەتی خۆشبژیوی

نیۆلیبراڵەکان کە لەگەڵ دەوڵەتێکـدان کە تا ڕادەیەک بەربڵاوتر لە دەوڵەتێکە کە حکوومەتەکەی لە هەمبەر هێزە دەرەکییەکان و تاوانبارە ناوخۆییەکان پارێزگاری لە خەڵک دەکات، شتومەکە گشتییەکان بەرهەم دەهێنێت و خزمەتگوزاریی سنووردار بۆ هەژاران دابین دەکات، پشتگیریی باجدانانی مامناوەند، دابەشکردنەوەی سامان، دابینکردنی شتومەکە گشتییەکان و جێبەجێکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی دەکەن. بۆ نموونە، هایەک (Caldwell 2004: 291)، فریدمان (Butler 1985: 206) و بیوکانان (Buchanan 1975: 35-52) لەگەڵ دابینکردنی شتومەکە گشـتییەکان لە لایەن حکوومەتەوەن، چونکە بازاڕەکان بە ڕادەی پێویست شتومەکە گشتییەکان بەرهەم ناهێنن، لەبەر هەندێ، حکوومەت تەنانەت ئەگەر هەندێک جار شکستیش بهێنێت پێویستە هەنگاوێک بنێت (Butler 1985: 206).

بێ گومان نیۆلیبراڵەکان بە یاسـا و پەیڕەوەکانی حکوومەت ڕەشـبینن، کە بەشـێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وا بیر دەکەنەوە کە دامودەزگاکانی چاودێری دەخوازن پشـت لە ئامانج و مەبەستی باش و ڕوو لە مەبەسـتی چەوت و خراپ بکەن (93 :2007). ئەمە تەوەرێکی بەردەوامی کارەکانی فریدمانە (Friedman 1962a [2002: 137-160])، بەتایبـەت لـە ڕەخنەکانـی لە پێدانی مۆڵەتی پیشـەییدا. و شـیکاریی ڕانتخوازی یەک لە بیرۆکە سـەرەکییەکانی بیوکانانە کە ئەم بابەتە هەروەها لە لایەن هاوکاری سـەردەمێکی دووروودرێژ لـە کاری توێژینەوەی، واتە گـۆردۆن تولۆکیش خراوەتە ڕوو. بیرۆکراسـییە مەزنەکان دەسـەڵاتێکی زۆر دەدەنە دەسـت بەڕێوەبەران، دەسـەڵاتێک کە بە کـردەوە دەخوازێت بۆ بەرژەوەندیگەلی تایبەت خراپ بەکار بهێندرێـت (Butler 1983: 209). و بەدڵنیاییەوە، نیۆلیبراڵەکان هەموویان دژی سیاسـەتی دارایی کەینزین، بەتایبەت ئـەو پاڵنەرانەی لە ڕێگەی قەرزەوە دابینی دارایی دەکرێـن (Buchanan 1987: 456; Butler 1985: 186). بـەڵام ئەم نیگەرانییانە لەگەڵ لایەنگری لە دەوڵەتی خۆشبژیوی یەک دەگرێتەوە.

هایەک دەستتێوەردانە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتی تەواو بەدڵە. هایەک (Hayek 1944 [2007]) لە پەرتووکی *ڕێگەی کۆیلایەتی*دا داکۆکی دەکات لە سیاسـەتی پارەیی دژەسووڕی، سازکردن و بنیاتنانی ژێرخانەکانی گواسـتنەوە لە لایەن حکوومەتەوە، بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کارەساتە سروشتییەکان، بیمەی تەندروسـتی لە لایەن حکوومەتەوە، ئاسـتێکی لانیکەمیـی داهاتی بنەڕەتی، و هەورەها یاسـاگەلێکی ئەستەم لە پەیوەندی لەگەڵ کاتژمێرەکانی کارکردن، تەندروستی و سەلامەتی لە شوێنی کاردا، ژەهرەکان،

لەناوبردنـی دارسـتان، میتۆدە زیانبەخشـەکانی کشـتوکاڵ، ژاوەژاو، دووکەڵ و نرخی ئەو شـتومەک و ڕاژەیانەی پاوانکاریی سروشـتین (Hayek 1944 [2007: 22, 43-4, 133-5, 217]; Burgin 2012: 90-1). بە هەمان شێوە، لە کتێبی *دەستووری ئازادی*دا دەڵێت کە حکوومەت پێویستە پێش بە داتەپینی ئابووری بگرێت و مووچەی خانەنشینی، چاودێریی پزیشکی و پارەی پەروەردە لە شێوەی کۆپیندا دابین بکات (Hayek 1960 [2011: 264, 276, 286, 294, 379]). هایەک بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە «فۆرموڵە کۆنەکانی «لێسێ فێر» (*laissez faire*) یان دەستتێوەردان نەکردن پێوەرێکی وەک پێویست و گونجاومان بۆ هەڵاواردن لە نێوان ئەوەی لە سیستەمێکی ئازاددا ڕێپێدراو و قبووڵکراوە لەگەڵ ئەوەی قبووڵکراو نییە پێ نادات» (Hayek 1960 [2011: 231]؛ هەروەها بڕوانە ;[Hayek 1944 [2007: 71 1973: 62; 1979: 41).

هایـەک تەنانەت پشـتیوانی لە داهاتێکی بنەڕەتی دەکات: «... دڵنیابـوون لە داهاتێکی لانیکەمیی دیاریکراو بۆ هەمووان ... وا دیارە نەتەنێ پارێزگارییەکی تەواو ڕەوا لە هەمبەر مەترسـییەکی هاوبەش بۆ هەمووان دەبێت، بەڵکوو بەشـێکی تایبەت لەو کۆمەڵگە مەزنـە دەبێت کە تێیدا تاک چیتر ئیدعایەکی تایبەتی لەسەر ئەندامەکانی ئەو گرووپە بچووکە تایبەتانە نییە کە تێیاندا لە دایک بووە» (Hayek 1979: 55). لە کاتێکدا کە مەبەستی هایەک لە زاراوەی «ڕەوا» لێڵ و ناڕوونە و لەوانەیە تەنیا تا ڕادەیەک لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە فەلسـەفەی سیاسـیی هاوچەرخدا یەک بگرێتەوە، وێ دەچێت پێی وا بێت کە حکوومەتەکان لەڕووی ئەخلاقییەوە پێویستە ڕێوشوێن و هەنگاوەکانی دەوڵەتی خۆشبژیوی ببەن بە ڕێوە. حکوومەتەکان دەبێ بە شـوێن کەمکردنەوەی هەژاریدا بن، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەسوودە، بەڵکوو چونکە کارێکی دروسـتە. هایـەک نیگەرانی ئەوەیە کە تۆڕەکانی سـەلامەتیی کۆمەڵایەتی لە کۆنترۆڵ دەربچن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پشتگیرییان دەکات (Caldwell 2004: 291).

لەگەڵ ئەوەدا کە فریدمان لیبەرتاریەنترین کەسی ناو ئەم سێ کەسایەتییەیە (Burgin 2012: 213)، بە هیچ شێوەیەک داکۆکی لە هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنەوەی سامان لە پێناو هەندێک ئامانج و مەبەستدا ناکات، و بانگەشـەی ئەوە دەکات کە حکوومەت دەبێ «نەهامەتی و هەژاریی تووش و ئەسـتەم کەم و ساڕێژ بکات» (Friedman 1951 [2012: 7]). حکوومەت دەبێ «ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە کە ناکرێت وەک تاکێکی «بەرپرسـیار» ڕەچاو بکردرێن، بەتایبەت منداڵان و شێتەکان، بپارێزێت» (Butler 1985: 206). هەروەتر، «لیبراڵەکان کە پشـتگیری و پێشوازی لە کەمکردنەوەی هەژاری لە لایەن حکوومەتەوە

دەکەن، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە کە ڕاشکاوانە بە شێوەیەکی باوکسالارانە ئاگایان لە خەڵکانی هەژارە» (Friedman 1974b [2012: 23]).

یەک لە بەناوبانگترین پێشنیارە ڕامیارییەکانی فریدمان باجی نەرێنی لەسەر داهاتە، کە تێیدا هەژاران گەر بێتو داهاتیان بە ڕادەیەکی دیاریکراو کەم بێت، لە یارمەتیی دارایی ڕاستەوخۆ بەهرەمەند دەبن کە پارەکەی لە ڕێگەی باجی ئەرێنی لەسەر داهاتی دەوڵەمەندان و چینی ناوەند دابین دەکرێت (Friedman 1962a [2002: 191-4]). فریدمان (Friedman 1960 [2002: 191-2]) لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم سیاسەتە بۆ کەمکردنەوەی هەژاری ڕەوایە، چونکە چالاکیی خێرخوازیی ناحکوومیی پەتی ڕەنگە ببێتە هۆی مفتەخۆری. فریدمان (Friedman 1962a [2002: 85-107]) هەروەها داهێنەری سیاسەتی کۆپینی قوتابخانەیە، و ئەو (Friedman 1974b [2012: 20]) بە مەرجێک حکوومەت قوتابخانەکان کۆنترۆڵ نەکات، پاڵپشتی لە خوێندنی ناچاری دەکات.[٩] لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، فریدمان هێشتاش نیگەرانی ئەوەیە کە دەوڵەتی خۆشبژیوی لەڕادەبەر بیرۆکراتی و ئۆتۆریتاریەن بێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەدا بوو کە یارمەتیی دارایی ڕاستەوخۆ جێی زۆربەی پرۆگرامەکانی دەوڵەتی خۆشبژیوی بگرێتەوە.

جێیەتی لێرەدا باس لە دوو خاڵی دیکە سەبارەت بە ڕوانگەی فریدمان بۆ کەمکردنەوەی هەژاری بکەین. یەکەم، فریدمان وا بیر دەکاتەوە کە «هیچ ڕێسا و پێناسەیەکی سروشتی بۆ خاوەندارێتی نییە. دواجار توخمێکی لە بنەڕەتدا ئارەزوومەندانە هەیە کە دیاری دەکات هێڵ و سنوورەکانی خاوەندارێتی تا کوێ بکێشرێن» (Friedman 1974a [2017: 86]). ئەمە خاڵێکە کە زۆربەی کات لە لایەن ڕەخنەگرانی لیبەرتاریانیزم جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە کە مافە خاوەندارێتییەکان گرێبەستین، نەک سروشتی، بۆیە ناتوانن لەڕووی ئەخلاقییەوە دابەشکردنەوەی سامان قەدەغە بکەن (Murphy & Nagel 2002). ئەم ڕستانە ئەوە پێشان دەدەن کە فەلسەفەی سیاسیی فریدمان مافێکی سروشتیی خاوەندارێتیی تایبەت لە خۆ ناگرێت کە وەک ڕێگر و بەربەستێک لەبەردەم دابەشکردنەوەی سامان بێت. دووەم، فریدمان داکۆکیی خۆی لە دەوڵەتی خۆشبژیوی، وەک بەشێک لە بیردۆزی نائایدیالی خۆی دەزانێت، نەک ئایدیال. فریدمان داکۆکی لە کۆپین و باجی نەرێنی لەسەر داهات دەکات «نەک لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە کۆمەڵگەی یوتۆپیایی ئایدیالی من بن، بەڵکوو چونکە من وای بۆ دەچم کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شوێنەی ئێستا لێی ڕاوەستاوین، کاریگەرترین هەنگاوەکان بۆ گەیشتن بەو شوێنەن کە دەمانهەوێت پێی بگەین» (Burgin 2012: 175). لە ڕاستیدا، فریدمان (Friedman 1974a

[2017: 79]) هاوسـۆزیی بۆ ئەنارکیزم هەیە، گەرچی پێی وایە «پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێتێچوو و مەیسەر» نییە. ئەمە لەگەڵ وەسفکردنی نیۆلیبراڵیزم وەک بیردۆزێکی نائایدیال دەیخوێنێتەوە و یەکانگیرە. لـە کاتێکدا لە بیردۆزی ئایدیالـدا فریدمان لیبەرتاریەن یان لانیکەم لیبەرتاریەنـتر لە نیۆلیبراڵەکانی ترە، بیردۆزی نائایدیالی وی نیۆلیبراڵیزمە.

بیوکانان هەم سـەختگیرترین کەس لەسەر دەوڵەتی خۆشـبژیوی و هەم یەکسانیخوازترینیانە. ئەو لە ڕاسـتیدا سـەبارەت بە کەمکردنەوەی هەژاری لە لایەن حکوومەتەوە هیچ ناڵێت. سەرەڕای ئەمەش، گرێبەستگەرایی بیوکانان تا ڕادەیەک دابەشکردنەوەی سامان قبووڵ دەکات، بەو پێیەی کە لەو باوەڕەدایە کە گرێبەسـتە کۆمەڵایەتییەکەی لـە ئەنجامدا ڕێککەوتنێکی یەکدەنگ لەسـەر هەبوونی دەوڵەتێکی «بەرهەمدەر»ی لێ چێ دەبێت، کە ئەو شـتومەکە دابین دەکات کە پارەکەیان لە ڕێگەی باجەوە دەست دەخرێت، و هەروەهـا دەتوانێت بیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکات (Buchanan 1975: 124). بیوکانان هەروەها داکۆکی لە پرەنسـیپی دەرفەتی یەکسـان دەکات، کە پێی وایە پێویستی بە باجی لەسەداسەدی لەسەر میراتە کە پێش بە سازبوونی ئەریستۆکراسی دەگرێت. پێدەچێت ئەم پرەنسیپە بتوانێت فۆرمەکانی تری دابەشکردنەوەی سامان پاساو بدات.

نیۆلیبراڵەکان بەتوندی یەکێک لە باوترین بنەماکانی پاساودانی دەوڵەتی خۆشبژیوی، واتە شۆپاندنی چەمکێکی یەکسانیخوازانە لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکەنەوە. هایەک لەم بابەتەدا لە هەمووان ڕوونـتر و ڕاشـکاوانەترە، ئەویش لەم ڕووەوە کـە بیرۆکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتـی بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە. تێڕوانینی هایەک بۆ بیرۆکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کە تا ڕادەیەک سـەیر و نائاسـاییە، بریتییە لە کۆمەڵێک پرەنسیپی ئەخلاقی کە بەسـەر لەپاساوهاتوویی دابەشکردنەوەی تایبەتی سەرچاوە ئابوورییەکاندا زاڵن، نەک ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییانەی کە کارکردی سیستەمێکی ئابووری بەگشتی ئاراستە دەکەن. هایەک (Hayek 1978: 78) لەو باوەڕەدایە کە بیرۆکەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەو ڕووەوە لێڵ و ئاڵۆزە کە دادپـەروەری ناتوانرێت بۆ دەرەنجامە تایبەتەکانی بازاڕ بەکار بهێنرێت، چونکە ئاکامی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و هۆشیارانە نین. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئایدیایەکی ناڕێک و نایەکانگیرە، زۆر وەک ئەوە وایە بڵێین «ئەو بەردە ئەخلاقییە». هایەک پێی وایە زۆر پێویستە کە دەوڵەت بۆ دەستەبەرکردنی دابەشـکردنی مووبەمووی داهات بـەکار نەهێنرێت (Caldwell 2004: 350): «هەر سیاسـەتێک کە ڕاستەوخۆ ئایدیای بنچینەیی دادپەروەریی دابەشـکاری بە ئامانج بگرێت دەبێ لەناوبردنی سەروەریی

یاسای لێ بکەوێتەوە» ([79 :2007] Hayek 1944).

دیسـانەکەش تێگەیشـتن و تێڕوانینی هایـەک بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سـەیر و نائاسـاییە. هایەک لای وایە بۆ دادپەوریی کۆمەڵایەتی پێویسـتە دەرەنجامگەلێکی ئابووریی تایبەت و دیاریکراو بسـەپێندرێن، نەک ئەوەی کە ڕێسـا ئەخلاقی، یاسایی و سیاسـییەکانی کۆمەڵگەیەک لە بەرژەوەندیی هەمووان لە گەڕدا بن؛ کە ئەو خۆی پشتیوانی لە مەرجی دووەم دەکات. هایەک دەڵێت «خوازراوترین و پەسندترین نەزمی کۆمەڵگە» «ئەوەیە کە ئەگەر بمانزانیبایە کە تێیدا پێگەی سەرەتاییمان تەواو بە ڕێکەوت دیاری دەکردرێت (وەکوو ئەو ڕاسـتییە کە لە خێزانێکی دیاریکـراودا لە دایک بووین) هەڵماندەبژارد» (Hayek 1978: 132). گەر هایەک وەکوو جۆن ڕاوڵز دێتە بەر چاو بە ڕێکەوت نییە. ئەوەی کە هایەک نووسراوە سەرەتاییەکانی ڕاوڵزی (نەک *بیردۆزێکی دادپەروەری*) دەخوێندنەوە بەو قەناعەتەی گەیاند کە هیچ ناتەبایی و جیاوازییەکی بیروڕای لەگەڵ ڕاوڵزدا نییە، لەو ڕووەوە کە ڕاوڵز «دان بەوەدا دەنێت کە دەبێ واز لەوە بهێندرێت کە ئەرکی هەڵبژاردنی سیستەمگەلێکی تایبەتی دابەشکردنی شتە خوازراوەکان، وەک بابەتێکی دادپەروەرانە سەیر بکردرێت» (Hayek 1978: 100).[١٠] بەم شێوەیە، پێ دەچێت کە هایەک لەگەڵ چەمکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی ڕاوڵز هاوڕا بێت و کەڵکی لێ وەرگرێت، بەڵام تێگەیشـتنی ڕاوڵزی بۆ ئـەو چەمکە قبووڵ نییە. ئەم چەمکـەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەگـەڵ ئازادیدا کۆکە و دەگونجێت. شوێن دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کەوتن تەنیا کاتێک بە واتای لەناوبردنی سەروەریی یاسایە کە تێگەیشـتنمان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وا بخوازێت کە دەست ببەینە ناو کۆمەڵێک دەرەنجامی ئابووریـی تایبەتـەوە ([85 :2011] Hayek 1960). لایەنگـران و داکۆکیکارانی بیـر و بۆچوونەکانی هایەک ئێستاکە بە باشی لەم خاڵانە تێگەیشتوون (Tomasi 2012: 142–150).

بیوکانان و فریدمـان کەمتر تەرکیزیان لەسـەر ڕەتکردنەوەی دادپەروەریـی کۆمەڵایەتی کردووە، بەڵام هەڵوێسـتەکانیان لەوانەی هایەک دەچێت. گرێبەسـتگەرایی بیوکانان بەو باوەڕەی گەیاندووە کە دابەشـکردنەوەکانی سـامانی کۆمەڵگەیەک کاتێک دادپەروەرانەن کە بەرهەمی ڕێسـاگەلێک بن کە هەمووان لەسـەریان کۆکن، ئەگینا بەدەر لەمە نادادپەروەرانەن. کەواتە ئەگەر شـۆپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە واتای شکاندن و ژێرپێخستنی ئەو ڕێسا دەستوورییانە بێت کە لەسەریان ڕێککەوتووین، ئەوە گرفت ساز دەکات. بەڵام گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان دەشێ ڕێساگەلێکی دابەشکردنەوەیان هەبێت. ئەگەر خەڵک ڕەزامەندییان بە ڕێسـاکانی دابەشکردنەوە هەبێت، ئەوە دابەشـکردنەوە پاساودراوە. لەم

ڕەهەندەوە، بیوکانان بە بەراورد لەگەڵ هایەک، لە ڕاولز نزیکترە.

فریدمان فرە کەمتر لەوەش لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەدوێت. زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا چەند جۆرێکی یەکسانی خوازراو و جێی پەسندن. بۆ نموونە، فریدمان (Friedman 1980 [2017: 144]) زۆر جار دەڵێت کە تەنیا دەبێ بە شوێن یەکسانیی دەرفەتەکاندا بین، نەک یەکسانیی ئەنجامەکان (Butler 1985: 218). بەڵام هەروەها بە پێویستی دەزانێت کە جەخت لەوە بکاتەوە کە بازاڕەکان لە زات و کرۆکی خۆیاندا بەو شێوەیە نین کە ئەنجامگەلێکی زۆر نایەکسان بەرهەم بهێنن. فریدمان (Friedman 1955 [2017: 14]) دەڵێت کە «ڕێگەی کەمکردنەوەی نایەکسانی ... پێدانی سوکنابیەکی کاتی و چەواشەکارانەی هاوبەشکردنی سامان نییە، بەڵکوو باشترکردن و پێشخستنی میکانیزم و شێوازی کارکردنی بازاڕ، بەهێزکردنی کێبەرکێ و فراوانکردنی دەرفەتەکان بۆ تاکەکانە تا بتوانن زۆرترین سوود لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان وەربگرن». جیاوازییەکان لە هێزی ئابووریدا ئەوە ناگەیەنێت کە حکوومەت ڕوو لە دابەشکردنەوەی سامان بکات، بەڵکوو دەخوازێت زیاتر بەرەو کاپیتالیزم هەنگاو بنێین: «فەزیلەتی کاپیتالیزمی ئابووریی بازاڕی ئازاد ئەوەیە کە بازرگانێک لە بەرامبەر بازرگانێکی تر دادەنێت و بەم پێیەش کاریگەرترین ئامێرە بۆ کۆنترۆڵکردن» (Friedman 1974a [2017: 84]). بازاڕە ئازادەکان هێزی ئابووریی پاوانکارانە و قۆرخکارانە تێک دەشکێنن، لە کاتێکدا حکوومەت ئەو هێزە بەرهەم دەهێنێت (Butler 1985: 210).

## ٧. ڕەخنەکان لە نیۆلیبراڵیزم

ئەم بەشە دەپەرژێتە سەر ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی نیۆلیبراڵیزم کراون، بەڵام بەشێکی زۆر لەو ڕەخنانەش لێرەدا ناخەینە بەر باس. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەو ڕەخنە ناسراوانەی ئاراستەی نیۆلیبراڵیزم دەکردرێن لە ڕاستیدا تەنیا ڕەخنە لە سەرمایەدارین. بەم پێیە، ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕەخنانەی کە ڕاستەوخۆ نیۆلیبراڵیزم دەکەنە ئامانج.

### ١.٧. ڕەخنەکانی پەیوەست بە ئیتۆسەوە

خەڵکانێکی زۆر نیۆلیبراڵیزم بەرەوڕووی ئەو ڕەخنەیە دەکەنەوە کە پێکهاتەی کۆمەڵگە لە

دەوری بـــازاڕ دادەڕێژێت و هەڵدەچنێـــت، پەیوەندییەکانی بازاڕ بە کاڵا دەکات و بەگشـــتی خەڵک بۆ خزمەتکردن بەو ئامانجانەی لە ڕوانگەی بازرگانی یان بەرهەمهێنانی ئابوورییەوە هەرە باش و بەقازانجن هەڵدەسووڕێنێت و بەکار دەهێنێت. بەم شێوەیە، نیۆلیبراڵیزم کۆمەڵگە بە دەوری چەق و خاڵی ناوەندیی پارەوە بنیات دەنێت. بەڵام نیۆلیبراڵیزم بەپێچەوانەی سەرمایەداریی تەواو، ئەو کارە بە شێوەیەکی شاراوە و نهێنی ئەنجام دەدات کە بۆ سەلماندنی، پێویست بە لێکۆڵینەوە و کاری زانستیی جددییە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، نیۆلیبراڵیزم *خۆی* ئیتۆســێک نییە، بـــەڵام ڕەنگە بکرێت وەک فاکتەرێک بۆ چێکردنی پەیوەندییەکی لەڕادەبەدەر کاپیتالیستی /سەوداگەرانە لە نێوان خەڵکدا ڕەچاو بکردرێت. جێسیکا وایت لە کاتێکدا کە ئەم وەسف و لێکدانەوەیە لە نیۆلیبراڵیزم ڕەت دەکاتەوە، بە پەیڕەوی لە کەسانێکی تری وەک وێندی براون (Brown 2015)، دەڵێت کە نیۆلیبراڵیزم زۆربەی کات «وەک ئایدیۆلۆژیایەکی ئابووریی نائەخلاقـــی باس دەکردرێت کـــە هەموو بەهاکان دەکاتە پاشـــکۆ و بندەســـتی ئەقڵانیەتێکی ئابووری» (Whyte 2019: 19). لێـــرەدا ئەم شـــیکارییە تا ڕادەیەکی زۆر لە فۆکـــۆ (Foucault 2010) وەرگیراوە کـــە دەگوترێت نیۆلیبراڵیزم ئەقڵانیەتی کردەیی تا ئاســـتی کۆمەڵێک تێبینیی ئابووری دێنێتە خوارەوە، تا ئەو ڕادەیە کە «لە نێوان پێشـــێلکردنی ڕێوشوێن و یاســـایەکی هاتوچۆ لەگەڵ کوشتنی بەئەنقەستدا هیچ جیاوازییەک نامێنێت» (Brown 2015: 253-4). تەنانەت دەکرێت ئارگیومێنتێکی نیگەرانکەرتر بخرێتە ڕوو کە نیۆلیبراڵیزم هێندەی کە هەڵوێست و تێڕوانینی دەمارگرژانە، کۆنەپەرستانە، هیرارکی و تەقلیدی بە دوای خۆیدا دێنێت، تێڕوانینی خۆپەرستانەی لێ ناکەوێتەوە (Brown 2019: 7, 37).

### ٢.٧. نایەکسانی

یەک لە نیگەرانییە سەرەکییەکان سەبارەت بە نیۆلیبراڵیزم ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر گەشەی ئابووری زۆرتر بکات، نایەکســـانیی ئابووریش بەرز دەکاتەوە کە لە چەندین ڕووەوە کێشە و گرفت ساز دەکات. بەگشـــتی دوو جۆر ڕەخنەی نایەکســـانی دەخرێتە ڕوو. ئەوەی زیاتر نـــاسراوە ڕەخنە ئەزموونییەکانن کە تەنیا بەپێی داتاکان پێشـــانی دەدەن کە ڕژێمە نیۆلیبراڵەکان دەبنە هۆی چێبوونی کۆمەڵێک نایەکســـانیی مەترسیدار. نموونەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە کتێبی تۆماس پیکێتی بە ناونیشانی *سەرمایەیە* (Piketty 2014) کە هەڵگری ئەو بۆچوونەیە کە نایەکســـانیی ئابووری لە گەشـــەدایە و هەڕەشـــەیە بۆ ســـەر دیموکراسی، هەروەها کار و توێژینەوەی مارتین گیلێنس (Gilens 2014) لەســـەر نایەکسانی و کاریگەری وەرگرتنی سیاسەتداڕێژیی دیموکراتی لە دەیەکی دەوڵەمەندی کۆمەڵگە.

جۆرەکەی تری ڕەخنە لە بواری نایەکسـانی لەژێر نیۆلیبراڵیزمدا لە کارەکانی ڕاوڵز وەرگیراوە. وەک دەزانرێت، ڕاوڵز سەرمایەداریی دەوڵەتی خۆشبژیوی و فۆرمێکی تۆکمە و پتەوتری سەرمایەداری کە بە سیسـتەمی ئازادیی سروشتی ناوی دەبرد ڕەت دەکاتەوە، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە کە ئەو دوو فۆرمەی سـەرمایەداری مەرجەکانی دوو پرەنسـیپی دادپەروەریی ڕاوڵزیان تێدا نییە و ئەو پرەنسـیپانە ناهێننەدی (Rawls 2001; O’Neill and Williamson 2014). ڕاوڵز دەڵێت کە تەنانەت سەرمایەداریی دەوڵەتی خۆشـبژیوییش ناتوانێت پارێزگاری لە بەهای ئازادیی سیاسـی بکات یـان ئەولەویەتەکانی بهێنێتەدی (Rawls 1993 [2005]) چونکە ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە سـەرمایە لە دەسـتی چەند کەسێکدا کۆ ببێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەژموون و زاڵبوونی ئابووری بەسـەر سیاسەتدا، و هەروەها بێبەری و بێبەشـبوونی بەشـێکی زۆر لە خەڵک لە هەڤیازییەکانی خاوەنبوون، وەگەڕخسـتن و سوودوەرگرتن لە لانیکەم بەشـێک لەو سـەرمایەیە کە بۆ بەهرەمەندبوون لە بەهای ئازادییە دەسـتوورییەکانی خۆیان پێویستیانە.

چەشنێکی تری نایەکسانی کە وەک نیگەرانییەک بۆ کۆمەڵگە نیۆلیبراڵییەکان ورووژێنراوە لاسەنگیی دەسـەڵاتی سیاسـی لەناو کۆمپانیاکاندا لە نێـوان سـەرۆکەکان و کرێکاراندایە. بۆ نموونـە، ئێلیزابێت ئەندەرسـۆن (Anderson 2019) ئاماژەی بـەوە کردووە کە ئەمە فۆرمێکـی «حکوومەتی تایبەت»ی سـتەمکارانە و ملهوڕانەیە، و ئەو دامەزراوانەی کە نیۆلیبراڵەکان داکۆکییان لێ دەکەن (ئەگەرچی خۆی ڕێک ئەم زاراوەیە بەکار ناهێنێت) بۆ یەکسانکردنی ئازادییەکانی سەرمایەداران و کرێکاران شیاو و تەواو نین.

## ٣.٧. لاوازکردنی دیموکراسی

ڕەخنەیەکـی زۆر باو کە لە نیۆلیبراڵیزم دەگیرێت ئەوەیە کە دیموکراسـی لاواز دەکات. هەروەک مارتیـن گیلێنـس (Gilens 2014) لە کتێبی *سـامان و باندۆر*دا دەڵێـت و لاری بارتێلزیش (Bartels [2016] 2008) داکۆکیی لێ دەکات، لەوانەیە بەو هۆیەوە بێت کە نایەکسانیی ئابووری کە بەرز دەبێتەوە دیموکراسی لاواز دەکات. نیۆلیبراڵیزم لە ڕێگەیەکی دیکەشەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دیموکراسی، کە ئەویش بە ئەولەویەتدان بە پاراستنی ئازادییە ئابوورییە لیبراڵییە کلاسیکەکانی وەک مافی خاوەندارێتیی تایبەتـە. ئەمانە دەتوانن توانایی هاووڵاتییانی دیموکرات بۆ بڕیاردان لەسـەر دابەشـکردنەوەی سـامان

بەرتەســک بکەنەوە. ئەم کێشــەیە بەتایبەتی بــە لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی ئەرێنیــی هایەک بۆ ڕژێمی پینۆشــێت لە چیلی بەرجەســتە دەبێتەوە. هایەک هیوای دەخواست کە دیموکراسییەک لە چیلیدا وەدی بێت، بەڵام هاوکات پێی وا بوو کە کوودەتای پینۆشــێت هەلی بۆ چیلی ڕەخســاند کە خۆی لە دەســت فیشەکی سۆسیالیزمی دیموکراتی ڕزگار بکات کە سالڤادۆر ئالێندێ، سەرۆک کۆماری بەر لە پینۆشێت، لایەنگــری و داکۆکیی لــێ دەکرد. گرژییەک لــە نێوان لیبراڵیــزم و دەروەســتییە دیموکراتییەکان لەناو نیۆلیبراڵیزمدا بوونی هەیە کە لە پراکتیکدا بە لایەکدا دەشکێتەوە کە خەسار بە دیموکراسی دەگەیەنێت.

## ٤.٧. نائەقڵانیبوونی ئابووری

ڕژێمە نیۆلیبراڵییــەکان بە ڕادەیەکی زۆر پشــتیان بە میکانیزمەکانی بازاڕ بەســتووە، و نیۆلیبراڵەکان بانگەشــەی ئەوە دەکەن کە بازاڕەکان کارا و کارامەن یان لانیکەم لەڕووی ئابوورییەوە ئاستێکی بەرزی بەرهەمدەرییان هەیە (هەرچەندە نیۆلیبراڵەکان لەسەر چۆنێتیی پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی بەرهەمدەری و کارامەیــی بازاڕ هــاوڕا نین). بەڵام ئابووریزانــە ڕەفتارییــەکان (Kahneman 2013; Ariely 2010) کۆمەڵێک لاگیریی جۆراوجۆریان لە ئەقڵەگەریی مرۆڤدا دەستنیشان کردووە کە مۆدێلی مرۆڤی ئابووری خاشەبڕ و لاواز دەکات، کە دەگوترێت نیۆلیبراڵەکان بۆ مۆدێلکردن و پێشبینیکردنی پەرەسەندنی ئابووری کەڵک لەو مۆدێلە وەردەگرن (گەرچی وەک لە سەرەوە باس کرا، نیۆلیبراڵەکان پەیوەندییەکی وردتریان لەگەڵ مرۆڤــی ئابووریدا هەیە). بۆ زانیاریی زۆرتر دەتوانن ســەیری وتاری «ئەقڵانیەتی ســنووردار» لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد* بکەن.

## ٥.٧. ڕەتدانەوە کەینزییەکان

وەک ئامــاژەی پێ درا، نیۆلیبراڵیزم تا ڕادەیەک لە کاردانەوە بە هەژموونی سیاســەتی کەڵەئابووریی کەینزی ســەری هەڵدا. بەڵام کەینزییەکانیش، دیارتر لە هەمووانیان پاوڵ کروگمان (Krugman 2012)، وەڵامیان داونەتەوە و دەڵێن کە ڕەخنە نیۆلیبراڵییەکان لە سیاسەتی کەینزی شکست دەهێنن. ئەمە بەتایبەت لەو ڕووەوە دروســتە کە نیۆلیبراڵەکان زۆربەی کات بانگەشــەی ئەوەیان دەکرد کە سیاســەتی دارایی بە بەراورد لەگەڵ پاڵنەری پارەیی، پاڵنەرێکی نەزۆک و ناکاریگەرە. کروگمان لە کاتی «داتەپینی ئابووریی مەزن»دا ئاماژەی بەوە دا کە بانکی ناوەندیی ئەمریکا بە ڕادەیەک ڕێژەی سوودی دابەزاندووە کە پاڵنەری

پارەیی لەمە زیاتر تووشـــی شکســـت دێت، بۆیە سیاسەتی دارایی دەبێ دەســـتێوەردان بکات و وەگەڕ بخرێت.

زۆربەی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراســـتەی ئەو ڕژێمە نیۆلیبراڵیانە دەکردرێن کە لە سەردەمی «داتەپینی ئابووریی مەزن»دا سیاســـەتی «ڕیازەتی ئابووری»یان گرتبووە بەر، لەســـەر بنەمای مۆدێلێکی بنچینەیی کەینزیـــن، چونکە ڕەخنەگرانـــی کەمکردنەوەی خەرجیـــی حکوومەت لە مـــاوەی «داتەپینی ئابووریی مـــەزن»دا ڕەخنەکانیان زۆربـــەی کات لەســـەر بنەمای ئەو ئایدیایـــە بوو کە کەمکردنـــەوەی خەرجیی حکوومەت گورز لە ئاسۆی ئابووریی هەژاران دەدات. لە کاتێکدا بە گوێرەی نیۆلیبراڵەکان بە کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، هەڵگلۆفین و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکوومەت لە کاتی داتەپینی ئابووریدا زیان بە هەژاران ناگەیەنێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری وتاری «فەلسەفەی ئابووری» لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد* بکەن.

## ٦.٧. ئابووریی داچۆڕانەوە

یەک لـــەو تۆمەتانەی کە بەرەوڕووی نیۆلیبراڵیزم دەکرێتەوە ئەو بەڵێنە درۆیەیە کە دەڵێن ســـوود و قازانجەکانی گەشەی ئابووری لە دەوڵەمەندانەوە بەرەو هەژاران «دادەچۆڕێتەوە» و ئەوانیش لێی بەهرەمەند دەبن (Quiggin 2012). گەر بمانهەوێت وردتر بدوێین، ئابووریی داچۆڕانەوە قوتابخانەیەکی ڕەسەنی هزری ئابووری نییە، و لە لایەکی تریشەوە، هایەک، فریدمان و بیوکانان ئەم چەشنە ڕاڤە و لێکدانەوەیان لە ڕوانگە و بۆچوونەکانیان قبووڵ نەبووە. ئەم سێ توێژەرە لەو باوەڕەدا بوون کە هەمووان لەو برەوە ئابوورییە سوودمەند دەبن کە ئاکامی بازاڕی ئازادە، بەڵام مەرج نییە ئەمە لەبەر ئەوە بێت کە دەوڵەمەندەکان سەرەتا ســـوودمەند ببن. هایەک (Hayek 1960 [2011]) دەیگوت کە چەشنێک لە کاریگەریی داچۆڕانەوە بۆ نرخی شتومەکەکان و ڕاژەکان هەیە کە تێیدا ئەو کاڵایانەی بۆ دەوڵەمەندەکان لۆکس و لاکچەرین بۆ هەژاران دەبن بە شتانێکی ئاسایی، چونکە بەرهەمهێنەران تێدەگەن چلۆن نرخەکان دابەزێنن تا دزەکردن و باندۆری بازاڕ بە تێپەڕبوونی کات فرە و بەربڵاو بکەن. و لە ڕاستیدا، لە ئابووریی ڕەوتی سەرەکیدا ئەمە ستانداردێکە کە بگوترێت کە کار و کاسبییەکان بە کەڵەکەکردن و زۆرکردنی سەرمایەی خۆیان دەتوانن هەقدەستێکی زۆرتر بە کرێکارانیان بدەن و بەم شێوەیە دەتوانن کرێکاران لە کۆمپانیاکانی تریش بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. ئەم پرۆسەیە زۆربەی کات دەبێتە هۆی زیادبوونی هەقدەستەکان، لەم ڕووەوە گەر بێتو

سەرمایەیەکی زۆرتر لە دەستی دەوڵەمەنداندا بێت دەکرێت بە کۆمەڵێک ڕێگەی هۆکردی تا ڕادەیەک ئاسایی، بەرزبوونەوەی هەقدەستی هەژارانی لێ بکەوێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، زۆربەی بەرپرسە نیۆلیبراڵەکان بەڵێنی کۆمەڵێک دەستکەوتیان بۆ هەژاران دا، کە زۆرجار نەهاتنەدی.

## ٧.٧. ڕەخنە لیبەرتاریەنییەکان

نیۆلیبراڵیزم و لیبەرتاریانیزم گەرچی دوو ڕوانگەن کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام لە یەکتر جیـان. هاوکات نیۆلیبراڵەکان لە هەندێک ڕووەوە و لەژێـر هەندێک هەلومەرجدا لیبەرتاریەن بوون. لە ڕاسـتیدا، بیوکانان لەو باوەڕەدا بوو کە ئەنارکی لەڕووی ئەخلاقییەوە باشـترین ڕژێمە، تەنانەت ئەگەر لە پراکتیکدا نەکرێت جێبەجێ بکردرێت. بەڵام هێشتاش ئاساییە کە لیبەرتاریەنەکان ڕەخنە لە لیبەرتاریەنە میانڕەوەکان بگرن؛ یەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئیزن بە هەر چەشـنە دابەشـکردنەوەیەکی سامان دەدەن، بۆ نموونە مـورای ڕۆتبـارد (Rothbard 1973, 1982 [2002]) و ڕۆبەرت نۆزیـک (Nozick 1974)، یاخود لەبەر ئەولەویەتدان بە دیموکراسـی لەچاو ئەو فۆرمە بڕیاردانە سیاسییانەی کە ئێپیستۆکراتیتر یان نوخبەتەوەرترن، نموونەی ئەمەش جەیسۆن برێنانە (Brennan 2016).

## ٨.٧. ڕەخنە کۆلۆنیالیستییەکان

لـە هەندێک کۆڕ و کۆمەڵـدا ئەم گوتەیە زۆر دەگوترێت کە ڕژێمـە نیۆلیبراڵییەکان تایبەتمەندیی کۆلۆنیالیستییان هەیە، ئەگەرچی بە شـێوەیەکی نائاسایی ڕاستەوخۆیش بێت. وای لێی دەڕواندرێت کە نیۆلیبراڵیزم لە لایەن ڕژێمەکانی دونیای ئینگلیزی زمان و زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاواوە گیرایەبەر و ئەمە کۆدەنگییەکی نوخبە نێودەوڵەتییەکانی لەسـەر چۆنێتی و شـێوازی بەڕێوەبردنی ئابوورییەکان لە سەرانسـەری جیهاندا پێک هێنا. ئاکامی ئەوەش پێکهاتنی «کۆدەنگیی واشینگتۆن» بوو کە کۆمەڵێک دەسـتتێوەردانی ڕامیاریی لـێ کەوتەوە کە حوکمڕانیی دیموکراتیی وڵاتانی پەرەئەسـتێنی بە لاڕێدا برد، نایەکسانیی زۆرتر کرد و دۆخی هەژارانی خراپتر کرد. بۆ خوێندنەوەی باس و گەنگەشەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە (Whyte (2019: chapters 3–5.

## ٩.٧. ڕەخنە پۆپیولیستی/ناسیۆنالیستییەکان

ڕەخنەی پۆپیولیستە ڕاستڕەوەکان لە سیاسەتی نیۆلیبراڵی تا دێت زۆرتر دەبیسترێت، کە بنەمای ئەو ڕەخنانە جەختکردنەوەی سیاسەتی نیۆلیبراڵی لەسەر بازرگانیی ئازاد و کۆچی ئازادە کە کۆمەڵێک لێکەوتەی زیانبەخش بە دوای خۆیاندا دێنن، یەک لەو لێکەوتانە بچووکبوونەوەی بنچینەی پیشەسازیی وڵاتانی دیموکراتیی دەوڵەمەندی وەک ئەمریکایە، نموونەی ئەم چەشنە ڕەخنەیە ئەوەیە کە پاتریک دێنین (Deneen 2019) ئاماژەی پێ کردووە. فۆرمێکی چڕتر و بەهێزتری ئەم نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەگەر ڕێگە بە کۆچبەران لە کولتوورگەلی جیاوازەوە بدرێت کە لەناو وڵاتێکدا هاووڵاتێتی وەربگرن، ئاستی کولتوور و سیاسەتی ئەو وڵاتە دادەبەزێت یان خەساری پێ دەگات.

## ١٠.٧. ڕەخنە فێمینیستییەکان

هەندێکیش وەک نانسی فرایزەر (Fraser 2017) نیگەرانیی خۆیان لەوە دەربڕیوە کە نیۆلیبراڵیزم فێمینیزم بۆ ئامانج و مەبەستی خۆی بەکار دێنێت و بە لارێیدا دەبات، ئەویش بە گۆڕینی ئایدیالی فێمینیستی بۆ ئایدیالێک کە خزمەت بە چەشنێک شیاوسالاریی ساختەی بازارتەوەر دەکات کە تێیدا ئامانجی فێمینیزم بۆ نموونە ئافرەتێکە کە پیشەیەکی پڕداهاتی هەیە، و لە بەرزترین ئاستی ئایدیالی خۆیدا، کارڕەخسێنی و بوون بە بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیایەک بۆ ئافرەتانە. ئەمەش وای کرد فێمینیزم نەتوانێت گرنگی بە پێدڤی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ئافرەتانە بدات کە نیۆلیبراڵیزم زیانی پێ گەیاندوون. بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەم تەوەرە سەیری وتاری «ڕوانگە فێمینیستییەکان سەبارەت بە بەجیهانیبوون» لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرد* بکەن.

## ١١.٧. ڕەخنەکانی تر

نیۆلیبراڵیزم بەرەوڕووی کۆمەڵێک بەرهەڵستی و ڕەخنەی تریش بووەتەوە، بەڵام زۆربەیان هاوشێوەی ئەو کێشە و گرفتانەن کە لە بیردۆزە لیبراڵ دیموکراتییەکانی تریشدا بەدی دەکردرێن، بۆ نموونە دژوازی و ناکۆکیی نێوان مافە لیبراڵییەکان (بە هەر تێگەیشتن و لێکدانەوەیەک لێیان) و دیموکراسی –واتە ململانێ و موناقەشەی «ڕێکار-ناوەرۆک» لە دەق و نووسینەکانی دیموکراسیی ڕاوێژکارییانەدا، هەروەها ئەوەی کە چلۆن هەر ڕێباز و هەڵوێستێکی بەپێی پێویست لیبراڵ لە ئاست ئازادیی ئەندامێتی و پێکهێنانی

کۆمەڵ و ڕێکخراوە، بە ڕەچاوکردنی ئەگەری لەئارادابوونی چەوساندنەوە و سەرکوتی ناوخۆیی، ئازادیی گرووپە پەراوێزخراوەکان بە هەند وەردەگرێت. نیۆلیبراڵەکان تێگەیشتنی جۆراوجۆریان لە ئازادی هەیە، هەرچەنــدە زۆربەیــان نەرێنین و هەموو ئەو ڕەخنە ســتاندارد و باوانەی ئەو ڕوانگانە بــە دوای خۆیاندا دەیهێنن، ئاراستەیان کراوە. پاشان، ئەوەندەی بۆ نیۆلیبراڵیزمی کەسایەتیگەلێکی وەک هایەک و بیوکانان دەگەڕێتەوە کە چوارچێوەیەکی گرێبەستگەرایانەیان بۆ پاساودانی دامەزراوەکان گرتووەتەبەر، داکۆکی و ئارگیومێنتی ئەم نیۆلیبرالانە کێشــە و پرسگرێکەکانی گرێبەســتگەرایی بە میرات وەردەگرێت و بۆی دەمێنێتەوە.

## ٨. پوخته

ئــەم وتارە ناخوازێت مانای ڕاســتەقینەی «نیۆلیبراڵیــزم» دیاری بکات، بەڵکــوو گەرەکیەتی وەک دۆکترینێکی فەلســەفیی یەکانگیر تیشــک بخاتە ســەر نیۆلیبراڵیزم کە کۆمەڵێک کەسایەتی بە پیریەوە چوون و لەسەر ئەو ڕێچکەیە دەڕۆن کە زۆربەی کات بە نیۆلیبراڵەکان ناویان دێنن. هەروەها لەم وتارەدا هەوڵمان دا کۆمەڵێک حاڵەتی بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لە توێژینەوە مێژووییەکانی ئەم دواییەدا بخەینە ڕیزی پێشەوەی باس و بابەتەکانمان کە بێلایەنانەترن و کەمتر ڕەهەندێکی نەرێنی و سووکیان هەیە. ئەمە بەو واتایە نییە کە چاوپۆشیمان لەو تێگەیشتنانە لە نیۆلیبراڵیزم کردووە کە مێژووییتر و داینامیکترن. ئەوان هەڵگری بەرچاوڕوونین. بەڵام ئامانجی ئەم وتارە ناساندن و وەسفکردنی نیۆلیبراڵیزم وەک هەڵوێستێکی فەلســەفی بووە. ئەگەر بتوانین ئەو ئامانجە بپێکیــن، دەتوانین وەک دۆکترینێکی سیاســی-ئابووری لە نیۆلیبراڵیزم تێبگەین کە ســەرمایەداریی لیبراڵیی پتەو و بەهێز، دیموکراســیی دەســتووری و دەوڵەتێکی خۆشبژیویی میانەڕەو لە خۆ دەگرێت.[١١]

## ژێدەرکان

Anderson, Elizabeth, 2019, *Private Government: How Employers Rule Our Lives (and Why We Don't Talk about It)*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Ariely, Daniel, 2010, *Predictably Irrational: The Hidden Forces That Shape Our Decisions*, New York: Harper Collins.

Bartels, Larry, 2008 [2016] *Unequal Democracy: The Political Economy of the New Gilded Age*, Princeton, NJ: Princeton University Press; second edition 2016.

Biebricher, Thomas, 2018, *The Political Theory of Neoliberalism, Stanford*, CA: Stanford University Press.

Brennan, Geoffrey and James Buchanan, 1981, "The Normative Purpose of Economic 'Science': Rediscovery of an Eighteenth Century Method", *International Review of Law and Economics*, 1(2): 155–166. doi:10.1016/0144-8188(81)90013-2

–––, 1985, *The Reason of Rules: Constitutional Political Economy*, New York: Cambridge University Press. doi:10.1017/CBO9780511895937

Brennan, Jason, 2016, *Against Democracy*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Brown, Wendy, 2015, *Undoing the Demos: Neoliberalism's Stealth Revolution*, New York: Zone Books.

–––, 2019, *In the Ruins of Neoliberalism: The Rise of Antidemocratic Politics in the West*, New York: Columbia University Press.

Buchanan, James, 1969, *Cost and Choice: An Inquiry in Economic Theory*, Chicago: University of Chicago Press.

–––, 1975, *The Limits of Liberty: Between Anarchy and Leviathan*, Chicago: University of Chicago Press.

–––, 1979 [1984], "Politics without Romance: A Sketch of Positive Public Choice Theory and Its Normative Implications", *IHS-Journal*, 3: B1–11; reprinted in James Buchanan & Robert Tollison (eds.), 1984, *The Theory of Public Choice–II*, pp. 11–22, Ann Arbor: University of Michigan Press.

–––, 1987, "Budgetary Bias in Post-Keynesian Politics: The Erosion and Potential Replacement of Fiscal Norms", in *Deficits*, James Buchanan, Charles Rowley and Robert Tollison (eds.), New York: Blackwell, 180–198.

–––, 1991, *The Economics and Ethics of Constitutional Order*, Ann Arbor, MI: University of Michigan Press.

–––, 1993, *Property as a Guarantor of Liberty*, Northampton: Edward Elgar Publishing.

–––, 1999, *The Logical Foundations of Constitutional Liberty*, Indianapolis, IN: Liberty Fund.

Buchanan, James and Gordon Tullock, 1962, *The Calculus of Consent*, Ann Arbor, MI: University of Michigan Press.

Burgin, Angus, 2012, *The Great Persuasion: Reinventing Markets since the Depression*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Butler, Eamonn, 1985, *Milton Friedman: A Guide to His Economic Thought*, New York: Universe Books.

Caldwell, Bruce, 2004, *Hayek's Challenge*, Chicago: University of Chicago Press.

Deneen, Patrick, 2019, *Why Liberalism Failed*, New Haven, CT: Yale University Press.

Farrant, Andrew, Edward McPhail, and Sebastian Berger, 2012, "Preventing the 'Abuses' of Democracy: Hayek, the 'Military Usurper' and Transitional Dictatorship in Chile?: Preventing the 'Abuses' of Democracy", *American Journal of Economics and Sociology*, 71(3): 513–538. doi:10.1111/j.1536-7150.2012.00824.x

Farrant, Andrew and Vlad Tarko, 2019, "James M. Buchanan's 1981 Visit to Chile: Knightian Democrat or Defender of the 'Devil's Fix'?", *The Review of Austrian Economics*, 32(1): 1–20. doi:10.1007/s11138-017-0410-3

Feld, Lars P., 2014, "James Buchanan's Theory of Federalism: From Fiscal Equity to the Ideal Political Order", *Constitutional Political Economy*, 25(3): 231–252. doi:10.1007/s10602-014-9168-9

Foucault, Michel, 2004 [2010], *Naissance de la biopolitique: cours au Collège de France (1978–1979)*, Paris: Gallimard. Translated as *The Birth of Biopolitics*, Graham Burchell (trans.), New York: Picador, 2020

Fraser, Nancy, 2017, "From Progressive Neoliberalism to Trump—and Beyond", *American Affairs*, 1(4): 46–64.

Freeman, Samuel, 2011, "Capitalism in the Classical and High Liberal Traditions", *Social Philosophy and Policy*, 28(2): 19–55. doi:10.1017/S0265052510000208

Friedman, Milton, 1951 [2012], "Neo-Liberalism and Its Prospects", *Farmand*, February 17: 89–93; reprinted Friedman 2012: 3–10.

–––, 1955 [2017], "Liberalism, Old Style", in *1955 Collier's Year Book*, New York: P. F. Collier & Son, 360–363; reprinted in Friedman 2017: 1–16.

–––, 1959, *A Program for Monetary Stability*, New York: Fordham University Press.

––, 1962a [2002], *Capitalism and Freedom*, Chicago: University of Chicago Press; reprinted 2002.

––, 1962b [2017], "The Relation between Economic Freedom and Political Freedom", in Friedman 1962a: 7–21; reprinted in Friedman 2017: 17–34.

––, 1974a [2017], Interviewed by Tibor Machan, Joe Cobb, and Ralph Raico, *Reason*, December 1974, pp. 4–14; reprinted in Friedman 2017: 69–92.

–– 1974b [2012], "Schools at Chicago", *University of Chicago Record*, 3–7, Remarks at the 54th annual Board of Trustees dinner for faculty, University of Chicago, 9 January 1974; reprinted Friedman 2012: 11–24.

––, 1980, "Created Equal", in M. Friedman and R. Friedman 1980: 128–149; reprinted in Friedman 2017: 139–164.

––, 1987 [2017], "Free Markets and Free Speech", *Harvard Journal of Law & Public Policy*, 10(Winter): 1–9; reprinted in Friedman 2017: 177–188.

––, 2000 [2012], *Commanding Heights* Interview, 1 October 2000; reprinted Friedman 2012: 233–254.

––, 2012, *The Indispensable Milton Friedman: Essays on Politics and Economics*, Lanny Ebenstein (ed.), Washington: Regnery.

––, 2017, *Milton Friedman on Freedom: Selections from the Collected Works of Milton Friedman*, Robert Leeson and Charles Palm (eds.), Stanford, CA: Stanford University Press.

Friedman, Milton and Rose Friedman, 1980, *Free to Choose: A Personal Statement*, New York: Harcourt.

Friedman, Milton and Anna Schwartz, 1963, *A Monetary History of the United States*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Gilens, Martin, 2014, *Affluence and Influence: Economic Inequality and Political Power in America*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Harvey, David, 2005, *A Brief History of Neoliberalism*, New York: Oxford University Press.

Hayek, Friedrich A., 1929 [1933/2012], *Geldtheorie und Konjunkturtheorie*, Wien und Leipzig. Translated from the German by Nicholas Kaldor and H.M. Croome as *Monetary Theory and the Trade Cycle*, London, Toronto: Jonathan Cape, 1933; reprinted Eastford, CT: Martino Fine Books, 2012.

——, 1941 [2007], *The Pure Theory of Capital*, Chicago: University of Chicago Press; reprinted, Lawrence H. White (ed.), as part of the Collected Works of F. A. Hayek, volume 12, Chicago: University of Chicago Press, 2007.

——, 1944 [2007], *The Road to Serfdom*, London: Routledge. A definitive edition, Bruce Caldwell (ed.), as part of the Collected Works of F. A. Hayek, volume 2, Chicago: University of Chicago Press, 2007.

——, 1945, "The Use of Knowledge in Society", *American Economic Review*, 35(4): 519–530.

——, 1960 [2011], *The Constitution of Liberty*, Chicago: University of Chicago Press. A definitive edition, Ronald Hamowy (ed.), as part of the Collected Works of F. A. Hayek, volume 17, Chicago: University of Chicago Press, 2011.

——, 1973–79, *Law Legislation and Liberty*, Chicago: University of Chicago Press.

1973, *Volume 1: Rules and Order*

1978, *Volume 2: The Mirage of Social Justice*

1979, *Volume 3: The Political Order of a Free People*

——, 1988, *The Fatal Conceit: The Errors of Socialism*, W. W. Bartley (ed.), part of the Collected Works of F. A. Hayek, volume 1, Chicago: University of Chicago Press.

——, 1997, *Socialism and War: Essays, Documents, Reviews*, Bruce Caldwell (ed.), part of the Collected Works of F. A. Hayek, volume 10, Chicago: University of Chicago Press.

Kahneman, Daniel, 2013, *Thinking, Fast and Slow*, New York: Farrar, Straus, and Giroux.

Keynes, John Maynard, 1935 [1965], *The General Theory of Employment, Interest, and Money*, New York: Harcourt, Brace. Harbinger edition, New York: Harcourt, Brace & World, 1965.

Krugman, Paul, 2012, *End This Depression Now*, New York: Norton.

Hirschman, Albert O., 1970, *Exit, Voice, and Loyalty: Responses to Decline in Firms, Organizations, and States*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Lange, Oskar, 1936, "On the Economic Theory of Socialism: Part One", *The Review of Economic Studies*, 4(1): 53–71. doi:10.2307/2967660

Monbiot, George, 2016, "Neoliberalism: the Ideology at the Root of All Our

Problems”, *The Guardian*, 15 April 2016 [Monbiot 2016 available online].

Mises, Ludwig von, 1922 [1936/1951], *Die Gemeinwirtschaft, Untersuchungen über den Sozialismus*, Jena: Fischer; translated from the second edition, 1932, as *Socialism: An Economic and Sociological Analysis*, J. Kahane (trans.), London: J. Cape, 1936; reprinted New Haven, CT: Yale University Press, 1951.

Murphy, Liam and Thomas Nagel, 2002, *The Myth of Ownership: Taxes and Justice*, New York: Oxford University Press.

Nozick, Robert, 1974, *Anarchy, State and Utopia*, New York: Basic Books.

O’Neill, Martin and Thad Williamson, 2014, *Property-Owning Democracy: Rawls and Beyond*, West Sussex: Wiley.

Piketty, Thomas, 2014, *Capital in the Twenty-First Century*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Quiggin, John, 2012, *Zombie Economics: How Deal Ideas Still Walk among Us*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Rawls, John, 1971 [1999], *A Theory of Justice*, Cambridge, MA: Belknap Press. Revised edition, 1999.

–––, 1993 [2005], *Political Liberalism*, New York: Columbia University Press; second edition, 2005.

–––, 2001, *Justice as Fairness: A Restatement*, Erin Kelly (ed.), Cambridge, MA: Belknap Press.

Rothbard, Murray N., 1973, *For a New Liberty: The Libertarian Manifesto*, London: MacMillan.

–––, 1982 [2002], *The Ethics of Liberty*, Atlantic Highlands, NJ; Humanities Press; reprinted New York: New York University Press, 2002.

Slobodian, Quinn, 2018, *Globalists: The End of Empire and the Birth of Neoliberalism*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Steger, Manfred and Ravi Roy, 2010, *Neoliberalism: A Very Short Introduction*, New York: Oxford University Press. doi:10.1093/actrade/9780199560516.001.0001

Tomasi, John, 2012, *Free-Market Fairness*, Princeton, NJ: Princeton University Press.

Venugopal, Rajesh, 2015, “Neoliberalism as Concept”, *Economy and Society*, 44(2): 165–187. doi:10.1080/03085147.2015.1013356

Whyte, Jessica, 2019, *The Morals of the Market: Human Rights and the Rise of Neoliberalism*, New York: Verso.

## ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت

[تکایە بۆ ئاگاداری لە پێشنیارەکان پەیوەندی بە نووسەرەوە بگرن.]

## تێبینییەکان

١. لەم وتارەدا میسێس بە پێشەنگێکی نیۆلیبراڵ دادەندرێت، چونکە زیاتر لە سەرجەم ئەو کەسایەتییانەی بە شـێوەیەکی ئاسـایی بە نیۆلیبراڵ پۆلێن دەکردرێن لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ چوارچێوە و سنوورەکانی سـەر دەوڵەت بەرتەسکتر بکرێنەوە. بەڵام بۆ خوێندنەوەی ڕاڤە و بۆچوونێکی جیاواز لەم بارەوە دەتوانن سەیری (2018) Slobodian و (2019: 31) Whyte بکەن.

٢. ئانگوس بورگین هایەک و فریدمان و هەروەها بیوکانان دەخاتە نزیک ناوەندی ئەو شتەی کە خەڵکانی تر بە نیۆلیبراڵیزم ناودێری دەکەن. بڕوانە (2012: 118) Burgin.

٣. بە هەمان شێوە، نابێ نیۆلیبراڵیزم بەو شێوەیەی کە حکوومەتەکان و حیزبە سیاسییەکان بەکاری دەهێنن پێناسـە بکەین، چونکە ئەوان زۆربەی کات بۆ بەرژەوەندیی سیاسـیی خۆیان بە شـێوەیەکی ناشیرین و سووکایەتیپێکەرانە کەڵک لەو زاراوەیە وەردەگرن.

٤. نیۆلیبراڵیزم کەم تـا زۆر قازانجگەرایانە نییە، چونکە قازانجگەرایی بیردۆزێکی ئەخلاقییە، لە کاتێکدا نیۆلیبراڵیزم لێکدانەوە و خوێندنەوەیەک بۆ ئابووریی سیاسییە.

٥. تەرکیزی من لەسەر پێناسەیەکی سەختگیرانەتر بۆ کارایی، وەک کارایی پاریتۆ نییە.

٦. بیوکانـان (Buchanan 1975: 183) هەندێـک کات هایەکـی لەبەر پشتبەسـتنی لەڕادەبەدەری بە هێزگەلی ناخودئاگا بەرەوڕووی ڕەخنە دەکردەوە.

٧. لە کاتێکدا کە کەینز تا ڕادەیەک لایەنگری سەرمایەداری بوو، ئایدیا کەینزییەکان لەسەر پێشگریمانەی

هەندێک نسـکۆی بازاڕ لە ئاسـتی گەورەدا دامەزراون، هەر بۆیە ئەو ئایدیایانە هەڵبەت وەک ڕەخنە لە سەرمایەداری دێنە هەژمار.

8. Friedman, "Individuality and the New Society: The Market vs. the Bureaucrat," 16, March 1968, box 50, folder 2, Friedman papers.

٩. هایەک (Hayek 1979: 45) پێشنیارەکەی فریدمانی بەدڵ بوو.

١٠. هایەک لە ڕاستیدا ناپەرژێتە سەر کتێبی *بیردۆزێکی دادپەروەری* و لەسەری نادوێت. بڕوانە Hayek (1978: 166, 179).

١١. ئەم وتارە سـەرنج دەخاتە سـەر ڕوانگە نیۆلیبراڵییەکان لە ئاست ڕێکخسـتنی دەوڵەت-نەتەوەکان، سـەرەڕای ئەوەی کە نیۆلیبراڵەکان هەوڵێکـی زۆریان بۆ پەرەپێدانی بیردۆزەکانـی ئابووریی جیهانی و دامەزراوە سیاسییە جیهانییە گونجاوەکان داوە، بەڵام هۆکاری ئەم بابەتە بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نیۆلیبراڵەکان دواجار لەسـەر پێکهاتەیەکی گونجاو بۆ ئابووریـی جیهانی، و بەتایبەت لە پێکهاتەی یەکێتیی ئەورووپادا تا ڕادەیەکی زۆر ناکۆکییان تێکەوت. بۆ خوێندنەوەی ڕاڤەیەک لەسـەر فرەچەشنی و جیاوازیی نێوان ڕوانگەکانیان، بڕوانە (Slobodian (2018: 180. سلۆبۆدیان بە وردی لەسەر پرۆژەی جیهانیـی نیۆلیبراڵیـزم و جیاوازییەکانی نێوان نیۆلیبراڵـەکان دەدوێت. بەڵام لەو ڕووەوە کە سـلۆبۆدیان گوتەنـی، نیۆلیبراڵەکان یەکلایی نەبوونەوە و کۆمەڵێک هەڵوێسـت و نێرینی تا ڕادەیەک بەربڵاویان لە ئاسـت دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان گرتەبەر، ڕوانگەی نیۆلیبراڵی بۆ دامەزراوە جیهانییەکان فرەچەشنتر و ناجێگیرتر لەوە بوو کە شـیکاریی فەلسەفی بکردرێت، ئەگەرچی سلۆبۆدیان (Slobodian 2018: 15) خۆی هەندێک خاڵ لەسەر سیاسـەتی دەرەوە تاوتوێ دەکات کە نیۆلیبراڵەکان لەسەری کۆک و هاوڕا بوون. وایت (Whyte 2019) لەگەڵ سـلۆبۆدیان هاوڕایە لەسـەر ئەوەی کە وەک پرۆژەیەکی جیهانی سـەیری نیۆلیبراڵیزم بکردرێـت. و بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە، نیۆلیبراڵەکان ڕاشـکاوانە پشـتگیریی بازرگانیی ئازاد، کۆچی ئازاد و سیاسەتی پارەیی وەک نرخی ناجێگیر و بگۆڕی ئاڵوگۆڕی دراو دەکەن. بڕوانە (Burgin (2012: 182-3, 221.